# ديکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا
# دروشمی ئێمەیە

نوسینی : ن.ف.عبدللە(نەجمەدین فارس)

**چاپی دووەم– ئابی ٢٠١٨**

**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا**
**دروشمی ئێمەیە**
**نوسینی : ن.ف.عبدللە**
**چاپی یەکەم–ئەیلولی** 2000
***ناوی کتێب**
**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دروشمی ئێمەیە**
*** ناوی نووسەر**
**ن.ف.عبدللە**
***چاپی یەکەم / ساڵی** 2000
*** تیراژ**(350)**دانە**

## چاپی دووەم /٢٠١٨

ناوەڕۆک :

لەبری پێشەکی (2).
بەشی یەکەم:: دەوڵەت و سەرەتایەک لە دروستبوونی (20).
بەشی دووەم:: دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ (33).
بەشی سێیەم:: ئازادی (57).
بەشی چوارەم:: یەکسانی(66).

## لەبری پێشەکی:

وتەزای دەوڵەت ، ڕیشەی لەگەڵ ڕیشەی کۆمەڵگەی چینایەتیدایە . چونکە کۆمەڵگەی چینایەتی یەکێک لە ناوەڕۆک و خەسڵەتەکانی پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ، ئابووری و پێکهێنەری دەوڵەتە . لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت پێکهاتێکی چینایەتی هەیە ، هەروەها دەوڵەتیش وەکو پرۆسیس کردنی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ، سیستەمی سەرخانی هونەری و سیاسی و هزری و....دا ڕەنگی دەدایەوە .

واتە دەوڵەتی کۆیلەداری یان دەرەبەگایەتی ، یان سەرمایەداری ، لە سەرەتادا ژێرخانی بۆ پێک دەهات و دواتر سەرخان بە پێی ژێرخان دادەمەزرا و ، ڕێنوێنی ژێرخانی دەکرد ، یان هونەر و سیاسەت و فەلسەفەو دادگا و داوەر و یاساکانی دەخستە پێناوی سیستەمە بەرهەم هێنەرەکەیەوە. (ئابوورییەکەیەوە)

خەسڵەت و لێکدانەوەی دەوڵەت و ناونان و بیرکردنەوەیەکی دەوڵەتیانە و فەلسەفەی دەوڵەت و......لە سیستەمی چینایەتیدا ، بەرجەستە دەبوو. لەم سۆنگەیەوە ووتەزای دەوڵەت و بیری دەوڵەتی لەکۆمەڵگای چینایەتیدا ووردە ووردە گەشەی دەکرد هەر یەک لە بیریارەکان لێکدانەوەیەکیان بۆ بەکاردەهێنا و هەر لایەو جۆرێک سیستەمی راڤە دەکرد و بە جۆرێکی جیاواز لە ڕووکاری دەرەوەدا و لە ناوەڕۆکدا یەکسان ، بەیانی سیستەمی دەوڵەتیان دەکرد . بیریارەکانی یۆنانی کۆن بە جۆرێکی هاوتا لە ناوەڕۆکدا ، بیریان لە دەوڵەت و ناونانی و ڕاڤە کردنی دەسەڵات دەکردەوە . کاتێک مایکیافیلی ، دیکتاتۆریەتێکی ڕەها و دەسەڵاتی تاکی لە بیر و هۆشی خۆی و مرۆڤایەتیدا بەرجەستە دەکرد ، هەروەها لەپێش ئەویشدا افلاتون باسی لە چەمکی کۆماری دیموکراتی دەکرد. لێکدانەوەی ئەو کاتە لەسەر دەوڵەت ، ڕەنگدانەوەی ناو هەلوومەرجی دەسەڵاتی کۆیلەداری بوو . هەروەها ناوەڕۆکی دەوڵەت ببوو بە پێویستی یەکی ڕەهای خزمەت کردنی دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینێکی تردا .چونکە یەکان گیربوونی دەسەڵات و دامەزراندنی هەموو پێویستیەکانی پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی دەوڵەت، دەبووە پێویستی پارێزگاری کردن لە خاوەنداریەتی پیاو ماقوڵان و خاوەن زەوی و زارو کۆیلەکان . لەبەر ئەوەیە دەوڵەت ، بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی چینە سەردەستەکان ، ببووە پێویستی ڕاگیربوونی لە بەرامبەر چینە چەوساوەکان.

هەروەها دەتوانیت ئەو دەسەڵاتە لە ڕووی دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینێکی تردا لە سێ سیستەمی چینایەتی ناو مێژوو، وەک یەک بەیانیان بکەیت . بەڵام جیاوازیان لە ڕووی گەشەو پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا هەیە. جیاوازییان بە پێی جیاوازی سەردەمە مێژووی و گەشەکەی بەیان دەکرێت .چونکە ناتوانین وەک یەک پەیوەندی کۆیلەداری و پەیوەندی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بناسێنین وەک یەک لە پێک هاتی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لێک نادرێتەوە . لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان چینی چەوسێنەر و چەوساوەدایە ، بەپێی سەردەمەکەیان (شوێن و کات) هەریەکەو جۆرێکی جیاوازی پەیوەندیان هەیە . بەڵام لە هەرسێ سەردەمەکەدا ، دەوڵەت، فاکتەری توند و تۆڵیکردنی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی چینی چەوسێنەر بووە بەسەر چەوساوەکاندا ، هەروەها فاکتەری سەپاندی دەسەڵاتی چینە خاوەن سامان و سەروەتەکان بووە بەسەر چینە بێ سەروەت و سامان و هەژارەکاندا .

بەم پێودانگە دەسەڵاتی دەوڵەت لە کۆیلداریدا ، بە پێی بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆیلەدار سیاسەتی دارشتووە و هێزی سەربازی و دەزگاکانی تری دەوڵەتی خستووەتە ئەو پێناوەوە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی خزاندووەتە ئەو ئاستەی تا بتوانێت بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدار و خاوەن کۆیلەکان ئەنجامیان هەبێت . واتە خاوەن کۆیلە بۆی هەبوو بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆیلەکان بدات بەوەی کە لەگەڵ کێدا هاوسەرگیری دەکات و بە کێ دەفرۆشرێت جۆری خواردنەکەشی چی دەبێت.

بەڵام لە دەرەبەگایەتیدا ، جوتیاری هەژار دەکەوتە بەر رەحمەتی خاوەن زەوی و یان ئەو پارچە زەویە بچووکەی کە هیچ کەلوپەلێکی نەبوو بۆ بەرهەم هێنانی و دەکەوتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە کە دوای لە ڕێگەی نیوە کار و یان سێ یەک و هەتا ئاستی دەیەک و هەتا ئاستی ئەوەی کە لە پێناوی قەرزەکانیدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بکاتە ژێرکاری قورس و گرانەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت دڵی خاوەن قەرزی ڕازی بکات . بێجگە لەوەش کە لە شەوانی پەردەی بووکێتیدا ئەم دەیتوانی یەکەم کەس و یەکەم بڕیار دەربێت لەسەر هاوسەربوونی .واتە سوورانە دەبێتە یەکێک لە پایەو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا و بەشێکی زۆری دنیادا .

لە لایەکی ترەوە پایەی ئاینی مەسیحی ، دەستکاری هیچ جۆرێک لەو پەیوەندیانەی نەدەکرد ، بەڵکو پاپاکانیش یەکێک و یان وەک یەکێک لە دەسەڵاتداران بڕیاریان لەسەر سوورانەو چەوسانەوە و بەهرەکێشانی هەژارەکان دەدا . واتە جێبە جێکردن و گفتوگۆنەکردن ، پێک هاتنی سیاسی و چینایەتی کۆمەڵگای چینایەتی دەرەبەگایەتی و کۆیلەداری بووە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی هەر سێ ئاینە یەکتاپەرستییەکەی سەر ڕوی زەمین ، وەک (یەهودی ، مەسیحی ، ئیسلام)ڕیشەیان و سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەو دروستبوونیان ، لەناو هەناوی پەیوەندی کۆیلەداریدا بوو . هەر سێ

ئاینیش ، هیچ کاتێک و له هیچ لایەکەوە هەوڵی گۆڕانی پەیوەندی چینایەتی و کۆیلەداریان نەدەدا . بەڵکو بە پێی نووسراو، هەروەها بە پێی ئەوەی کە سروش هاتووە بۆ پێغەمبەرەکانیان و راسپێردەی ئەویان پێیە لەسەر زەوی . بەیانی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندییەکانی کۆیلەداری و دەسەڵات ، کارێکەو ناتوانرێت دەستکاری چارەنووسی دەسەڵات و کۆیلە بوون بکرێت . وابەیان دەکرا ئەو پەیوەندییە ، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە چارەنووسی ئینسان بە پێی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی نییە .بەڵکو لە ساتەوەختی دروست بوونییەوە چارەی ڕەشی لەسەر نێو چەوانی بۆی نووسراوەو دەفتەری کردار و ژیانی پێویستە بە پێی چارەنووسەکەی پڕ بکرێتەوە . ئەمانە جۆرێک لە پەیامی ڕام کردنی ئینسانە بۆ دەسەڵات و پەیوەندییە چینایەتییەکەی .

بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتی ئاینی دەسەڵاتێکی ڕەهایە، گفتوکۆ پێنازانێ ، ئەویش لە ڕێگەی دەست کاری نەکردنی ووتە و نووسراوەکانی خوایە. کەواتە بە پێی ئەوەی کە ئاینی یەکتاپەرستی لە پەیوەندییەکی چینایەتیدا دروست بووە و هەوڵی گۆڕانی تیادا نییە ، بۆیە لە ناواخنی سیستەمی هزری و ئایدۆلۆژی ئایندا ، هەمان پەیوەندی چینایەتی ناوەڕۆکی ئاوزان و بەشێک لە پراکسیس کردنی سیاسەت و مۆراڵی دەسەڵات بووە . لەم سۆنگەیەوە ئاین بەکارهێنراوە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی چینایەتیدا . چونکە ئەتوانیت لەڕێگەی ترس و دڵەڕاوکێ دروست کردن بە توندترین شێوە بڕۆسیسی دەسەڵات بکات . لەبەر ئەمەیە لە زۆر شوێن و کاتدا ئەگەر سەردەمەکەی و ئاستی پێگەیشتنە مێژووییەکەی جیاوازیش بووبێت ، بوە بە پەیامی دەسەڵات و خۆی دوو بارەو سێ بارە کردوەتەوە .

کەواتە ئاین بۆ ئەم سەردەمەی ئێمەش وەک ڕابردوو ، ئایدۆلۆژیای دەستەیەکی مشەخۆرەو دەست بۆ دەسەڵات و سیستەمی چینایەتی دەبات . هەروەها بەشێک بووە لە پەیڕەوی دەسەڵاتی چینایەتی ، بێجگە لەوەی کە ئاین بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەڕەهایی و بێ لێپێچینەوە تووندترین دەسەڵاتی چینایەتی خۆی ڕاڤە دەکات پەرەنسیبی لێکدانەوە و جیهان بینی خۆی لە ڕێگەی دەسەڵاتی مایکیافیلی یەتی خۆیەوە بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێ .

کەواتە دەوڵەتی تیوکراتی، لەهەر سەردەمێکی چینایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەتدا بێت دەسەڵاتی ڕەهای کۆمەڵێک قەشەو پاپای یان حاخام یان ئەمیر و والییە بەسەر سەری چەوساوەکانەوە .

ئەگەر ئێمە لە دەسەڵاتی کۆیلەداری و پەیوەندیان بە ئاینی مەسیحییەوە بکۆڵینەوە ، دەتوانین ڕەشەترین و ناخۆشترین و رەوشی تراژیدیای بڕیار و دەسەڵات ببینینەوە. هەروەها لە سەردەمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی پاپاکان لە ئەوروپادا ، ئەوە ببینین کە چەند هاوکار و هاوپیشەی دەرەبەگەکان بوون و بە چی هۆیەکەوە سەرانە و سوراتە باج و خەراجێکی زۆریان بەسەر سەری خەڵکەوە ڕادەگرت . هەروەها چۆن و بە چی شێوەیەک بۆیان گونجاوبێت و دەستیان بەسەریاندا ڕۆشتبێت ، کیسەی هەڵدوراو یان پڕ لە سەروەت و سامان دەکردو زەوی و زاریان دەخستە ژێر ڕکێفی دەسەڵات و هەژمونیانەوە . بێ گومان لەلای دەسەڵاتی ئاینی ئیسلام

و دەوڵەتەکانیان ، لەسەردەمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا ، بەهۆی جیاواز جیاوازەوە هەر جارەی تاکتیکێک و سیاسەتێکی میان ڕەوانەوە جارێکی تر و لە ڕەوشێکی تردا بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژی پرۆسیسی دەسەڵاتیان دەکرد و ، قەڵەم ڕەوی فراوان کردنی بەناوی ئوممەو پەخشی دوا پەیام و دوانێردراوەوە جێ بەجێیان دەکرد . ئەو کاتانەی گوزەراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە نێوە دوورگەی عەرەبیدا ڕوو پۆشێکی ئاینی بۆ هەمان دەسەڵاتی کۆیلەداری دەکراو ڕەوت و گەشەی بازرگانیان دەخستە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتیانەوە . لەو ڕوانگەیەوە کۆیلەداری هەڵنەدەوەشایەوە ، شەرع و سوونە دەبوونە یاسا و ڕێسای دادوەری کۆیلەداری و ئەو سیستەمەی هەڵنەدەوەشانەوە .

لەبەر ئەوەی سیستەمێکی ئابووری جیاوازیان نەبوو.هەروەها پێکهاتی ئابووریش نەگۆڕابوو بە پێکهاتێکی ئابووری تر. چونکە دیالێکتیکی مێژوو گۆڕانەکانی لەژێر خانەوە دەست پێدەکات.نەوەکو سەرخان هەوڵی گۆڕان بدات .لەو ڕێگەیەوە ئەبێت ئەو ئاینیانە پەیامی خۆبەدەستەوەدان و کڕنوش بردن بۆ چارەنووسێک ببات ، چونکە بەو شێوەیە لێکیان دەدایەوە کە ئەو چارەنووسە مرۆڤ کرد نییە بەڵکو هێزێکی گەورە تر لە ئینسان توانای جێبەجێ کردنی هەیە . بێ گومان میتافیزیکی ئەو لێکدانەوە ئاینیانەو لاهوتیەتی فەلسەفەکەیان ، مێژوویان دەگەڕانەوە بۆ لێکدانەوەیەکی میتا مێژووی و دەستی مرۆڤیان لێ دەردەکێشا . بێ گومان ڕەوەندی مێژوو و پێکهاتەکەشی مرۆڤایەتی دروستی کردووە.

بەم پێودانگە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی کۆیلەداری نیوە دورگەی عەرەبیدا ، لە ڕێگەی ئاینەکانیانەوە لە ڕووپۆشێکی تردا نیشانیان دەدا ، بەڵام لە ڕاستیدا هەمان ناوەڕۆک و هەمان ئاستی پەیوەندیان هەبوو . چونکە گۆڕانی بەهای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکەیەوە هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئاینەکان لە کات و شوێنی خۆیدا ، پەیامی ڕزگاری و پچڕاندنی زرێی دەستی کۆیلەکان نەبووە. بەڵکو جێگیر کردنی دەسەڵاتی ڕەها و بە زۆر داسەپاوی هەمان پەیوەندی بووە .بەڵام ئەم جارەیان کۆمەڵێکی تر و دەستەیەکی تر ، هەرچەندە ئەم دەستەیە کۆمەڵ و دەستەیەکی ڕێکخەرتربن، بەڵام کاریگەری لەسەر گۆڕانی بنەڕەتی دەسەڵاتی کۆیلەداری پێک نەهێناوە.بەڵکو دووبارەی هەمان سیستەم و دەسەڵاتیان کردوەتەوە . ئەم ڕەوشە درێژەی کێشا هەتا ئاستی پێکهاتنی پێگەی سیستەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی.لەو ناوچانەدا و لە ناوچەکانی نێوان دووروبار و بلاد شام و ئەو شوێنانەی کە بە دەستیانەوە بوون ، هەلومەرجی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری ، سیستەم و بەرهەمهێنانی تازەی تیادا سەوز دەبوو ، سیستەمی دەرەبەگایەتی تیایدا دروست بوو.بەم هۆیەوە ئەو سیستەمە نوێیە بەرەنجامی لێکدانەوە و هەوڵی ئەو ئاینانە نەبوو ، بەڵکو بەرەنجامی گەشەی سەرمایەو ئابووری کۆیلەداری بوو بۆ پەیوەندییەکی تری چەوسێنەرانە ، کە تیایدا بەرهەم هێنانێکی نوێی دروست کرد . بەم پێیە ، خەلیفەو والییەکان و پاپا و قەشەکان و حاخامەکان چوونە سەر سفرەی بەرهەم هێنانی نوێ و پارووی چەوریان تیادا دەگلاند.

ئەوەندەی والی و ئەمیرەکان لە خەلافەتی ڕاشدین و ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا دەسەڵاتیان هەبوو، پاوانی هەموو ناوچە بەپیت وبەرەکەتەکانیان کردبوو ، هیچ کەسێک پارچە زەوییەکی بەکەڵکی بەرنەدەکەوت ، کەڵکی بەرهەم هێنیان هەبێت . تەنها لە هەندێک باردا نەبێت ئەویش بەشی گەورەیان لەبەرهەمەکەیدا هەبووە . ئەوان لە هەموو کەس دەوڵەمەندتر و خاوەن زەوی بوون. لەم سۆنگەیەوە پەیامی پراکسیس کردنی ئاینەکان و دەسەڵاتی تیوکراتیان ، پەیامی پاوان کردنی هەموو دەستکەوەت و ئاسوودەییەکە .

بوار بۆ هیچ کەس نەبوو کە دەربڕی خواست و ویستی خۆی بێت . تەنها خواست و ویستی والی و خەلیفەو پاپاکان وحاخامەکان و جێبەجێکردنیان لەلایەن چەوساوەکانەوە بێ سانسۆر بوو . ئیتر هەر جۆرێکی داخوازی و جیاوازی بیروڕا زۆر بە توندی ڕەت دەکرایەوە.

دەسەڵاتی تیوکراتی لەسەردەمە جیاجیاکاندا ، نەیتوانیوە ، یان کاری لە پێناوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگادا نەکردووە . ئاین تەنها لە سیستەمی سەرخانی کۆمەڵایەتیدا سەرچاوەی شیکردنەوەی یاسا و ڕێسا و دادگاکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، یاسا و ڕێسای بڕوادار و بێبڕوایدا ئیش و کاری کردووە . بەڵام لە گۆڕانی ناوەڕۆک و پێکهاتی ئابووری سیستمەکاندا،هیچ جووڵە و گۆڕانێکی پێ نەکردووە . کەواتە ئایین بووە بە فاکتەری هێشتنەوەی مشەخۆری کۆمەڵێک بەسەر چینێکی زۆر و زەبەندی کۆمەڵگاوە . بەم پێودانگە ئایین خەسڵەتێکی چینایەتی هەیە ، داکۆکی لە ڕوانگەی چینایەتی و دەسەڵاتەکەی دەکات .

کەواتە ئایین نە دادپەروەرە و نە یەکسانی و نە ئازادی خەسڵەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی دەبێت و ، نە لە پەیڕەوە ئاینیەکاندا خواست و ئامانجی بەرجەستەیە.بەڵکو یەکێک لەهەرە دوژمن و مێڵ و ڕکەبەریەتی. لێرەدا ناچینە سەر وورد و درشتی پەیوەندییەکانی چونکە ئەم بەراییە جێگای لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو لایەنەی ناو کۆمەڵی نییە.

بەڵام ئێستا ، لە سیستەمی سەرمایەداریدا ، زۆر پلاتفۆرم و بەیانکردنی ئەلتەرناتیڤ و چارەسەری ، بەرز کراونەتەوە . لەنموونەی مافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی و لیبرالیزم ودادپەروەری و......تەنها کڵێشەی وێنەیەکی شێواوی سەرمایەدارییە.ئەگینا کەی و لە چ کاتێکدا مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی چینایەتی یەک پەیوەندی لە چ ڕوانگەیەکەوە دەبنە دوو پێکهاتی ناو یەک بۆتە..ئەوان لە جاڕنامەکانیاندا،بە پێی بەندێک لە یاساو ڕێساکەیان خاوەندارێتی تایبەتی بە پیرۆز ڕادەگرن و دەیکەن بە بەشێک و پێکهاتێکی زۆر گرنگی ڕاگیر بوونی پەیوەندییە مرۆڤانەکەیان لەناو کۆمەڵگادا . بەڵام چەوسانەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی بە پیرۆز ڕاگرتنی خاوەندارێتی تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتووە . پیرۆز بوونی ئەو خاوەندارێتییە تایبەتییە،فاکتەری هەرە گەورەی پەیوەندی کۆیلە و کۆیلەداری بوو . سیستەمی چەوسێنەرانەی لێوە پێکدەهات و هۆیەکی گەورەی پێشێل کردنی خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤ بوو ، هەموو پێکهاتە جوانەکانی گۆڕی و کردنی بە کۆچی قوربانی خاوەندارێتی تایبەتی .

لە سۆنگەی ئەمەوە ، مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی چینایەتی دوو ڕووی زۆر لێک جیاواز و ناتەبان و ناتوانرێت لایەکیان بە هۆی لاکەی تریانەوە بدۆزرێتەوە . چونکە پێکهاتی لایەکیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، پێکهاتی ئەوی تریان ڕەتدەکاتەوە . کەواتە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری ، بەهیچ جۆرێک لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بوونیان نییە. چونکە ناتوانرێت ئازادی و مانای سانسۆر لەسەر پەیڤین و دیالۆگ و نووسراوەکان بێت. هەروەها ناتوانرێت یاسا و ڕێسایەکی نووسراوی بە مەرج و چوارچێوە مانای ئازادییەکان بێت .

ئەوان بە پێی پێوەرێک یاساکانیان داڕشتووە کە کۆت و بەندێکیان خستووەتە سەر قەڵەم و پەیڤین و جدل و ئەو چوارچێوەیەیان بە ئازادی بەیان کردووە . ئەو نووسین و گفتوگۆیانە جێگەی دەسخۆشی لێکردنی ئەوانەو دەتوانێت بەو پێوەرە بجوڵێت .

بەڵام ئازادی پێوەرێکی مرۆڤانەی هەیە و پێوەرێکی چینایەتی ناخوازێت . چونکە چینە ماف خۆرەکان ، ناتوانن دەس نیشانی ئازادی بۆ مرۆڤایەتی بکات . واتە ئازادی خاسڵەتی کۆمەڵگای بێ چینە ، ئازادی تەنها پێوەرێکی سیاسی نییە ، بەڵکو پێوەرێکی زانستیشە بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی . ئازادی کردەو  خەسڵەتی دەست ڕاگەیشتنی مرۆڤە بەیەکسانی و هەروەها بەکارهێنانی داهێنانەکان و پرۆسیس کردنییانە . زیندەگی کردنێکی تەواو گونجاوە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانێکی تەواو پێشکەوتوو ، بەڵام هیچ کامێکیان لە خەسڵەتی چینایەتی پەیوەندییەکانی ئێستادا ڕەنگیان نەداوەتەوە و گۆڕیان وونە .لە گێتی ئێستادا لە لایەک بەهۆی پێشکەوتوو ترین داهێنانەوە چاودێری ئینسان دەکەن و لە هەندێک شوێنی تری گێتیدا ، لە ڕێگەی دواکەوتوو ترین شێوازەوە چاودێری دەکرێن بەڵام لە ناوەڕۆکدا هیچ لایەکیان جیاوازیان نییە لە کۆنترۆڵ کردنی هەڵسووکەوت و جوڵاندنیاندا . چونکە هەردوو لا هەلومەرجی سانسۆر دروست دەکەن بۆ پەیوەندییەکان ، بە چاوێکی ووردبینەوە چاودێری مرۆڤەکان دەکەن بۆ نموونە لە ئەوروپادا ، ئێستا لە بیرکردنەوەی ئەوەدان کە سیستەمێکی چاودێری ئەلکترۆنی دابمەزرێنن ، تا بە هۆیەوە بتوانن چاودێری هەموو گفتوگۆ تەلەفۆنییەکانی ئەندامان و کەسێتی وڵاتەکەنیان بکەن . هەتا بۆشیان بکرێت ئەو مامەڵەیە لەگەڵ جیهانیشدا پرۆسیس بکەن . خەرج کردنی چەند ملیار دۆلار بۆ ساڵانەی کارپێکردنی ئەو دەزگایە لە پێناوی سانسۆردا ئەبێت . لە پێناو ئازادیدا نییە . لەوانەیە ئەو برە لە دراو بەشی پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی ژیانی کرێکاران و هەژارەکانی ئەوروپا بکات ئەگەر لە پێناوی دەسەڵاتدارانی ترا نەبێت لە پێناو خۆشگوزەرانیشدا نییە .

کەواتە چۆن سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی ناتوانێت ئازادی فەراهەم بکات . ئا بەو شێوەیەش دەسەڵاتی ڕووپۆش کراوی مزهبی ناتوانێت خواستی ئازادانە و یەکسانی مرۆڤەکانی تیادا جێبەجێ بێت بۆ نموونە دەوڵەتی ئیسرائیل کە حیزبی لیکود لایەنی مەزهەبی دەسەڵاتی دەوڵەتەو ناتوانێت پایەی سیاسی و یاسادانەرییانەی کنیستی ئیسرائیل بگۆڕێت . هەروەها بەهەمان شێوەی حیزبی کار کە لە لایەنی حیزبی عیلمانی

دەسەڵاتی ئیسرائیلییە . بەڵام هەردوو لا لە پێناوی ئامانج و ئاوات و خواستەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی و سەران و سەرمایەدارانی ئیسرائیلدا تێدەکۆشن .

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی ئیسلامی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ، هەمان پلان و سیاسەت و ئامانجی سەرمایەداران جێ بەجێدەکەن . سیاسەتی بانکی و هەروەها باج و خەراج و گومرگ....دەبنە بنەمای پێکهاتنی پەیوەندی دەوڵەت و خەڵک . واتە هەمان ڕیتمی سیستمی سەرمایەداری دەبات بەڕێوە و ئەو ژیانە چینایەتییە پرۆسیس دەکات.بەم پێیە ئەوان تەنها لە ڕووکاری دەرەوە ناوێکی پاشگریان بۆ دروست کردووە و بە شێوەی جیاوازی لە دەرەوەی دەوڵەتەکانی تر دەدوێن . نەوەکو توێژینەوەی جیاوازیان لەسەر ناوەڕۆکی جیاوازی پەیوەندییە ئابوورییەکان هەبێت . بازاڕێ ئازاد وەک پەیڕەوی سەرمایەداری و لیبرالیزم هەمان بازاڕو پەیوەندی کڕین و فرۆشتن و سەرمایەگوزاری و کاری بەکرێ یە لە دەوڵەتانی مەزهەبیدا . لەلایەکی ترەوە ئێران دەیەوێت پەیڕەو و پابەندی سیاسەتی لیبرالیزمی ئەوروپی و ڕۆژئاوا بێت ، دەیەوێت ڕەفتاری ئەوان جێبەجێ بکات و ڕووپۆشێکی مەزهەبیشی لەسەرخان و مۆراڵی ئینساندا ڕابگرێت . ئەم سیاسەتەی ئێران لە ڕەووشی ژینگەی سیاسەتی جیهانییەوە سەرچاوەیان گرتووە . چونکە ژینگەی پەیوەندییە جیهانییەکانی سەرمایەداری ناتوانێت پێگەیەکی سیاسی و ئابووری ، جیاوازیان هەبێت و زیندەگیش بکەن . لە لایەکی تریشەوە خەسڵەتی دەسەڵاتی مەزهەبی هەمان پێکهاتنی چینایەتی پەیڕەو دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی ئابووری جیاوازیان لەگەڵ سەردەمە جیاوازە ئابوورییەکاندا نییە و سیستەمی سەربەخۆی ئابووریش خواستە بۆ مشەخۆری و پەرەنسیبی بەردەوامیان بەسەر سیستەمە ئابوورییە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە .

ئەگینا پەیوەندی کرێکارێکی ئیسلامی و یەهودی لە ئێرانی ئیسلامی و لە ئیسرائیلدا چ جیاوازییەکیان لەگەڵ کرێکارێکی ئەوروپیدا هەیە . لە ڕووی پێکهاتی چینایەتی و پەیوەندیان بە هۆیەکانی بەرهەم هێنان و سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەدارییەوە ، ڕەنگە تەنها ئەوە بێت کرێکارێکی ئەوروپی لەگەڵ باشترین هۆیەکانی بەرهەم هێناندا پەیوەندی بگرێت و هەندێک داخوازی بچووک بچووکیان لە چاو داخوازی مێژوویان وەرگرتبێت.ئەویش قەید و بەندی خۆی هەیە و چەند چوار چێوەیەکیان بۆ کێشاوە و ئەگەر ئەو چوار چێوەیە شکێنرا ، ئەوا بە توندترین شێوە ، بەرپەرچیان دەدرێتەوە . نموونەی زۆر هەن ، ڕپێوانی کرێکاران بەرامبەر بە زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی سەعات کار ، دەیان ڕێگریان لە بەرامبەر دادەنان و یان بەرامبەر بە دەرکردنی کرێکاران لەسەر کار بە گیانی دەیان کەسیان وەڵام دەدرانەوە .کەواتە ئازادی خەسڵەتی پەیوەندی چینایەتی نییە لە مێژوودا.

ئازادی پەیوەندی لەگەڵ یەکسانیدا ڕاستەوانەیە و لە پەیوەندییە بێ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا پرۆسیس دەکرێت . بەڵام سانسۆر یەکێک لە پایە بەهێزەکان و گوێ پێ دراوەکانی سیستەمی چینایەتییە . سانسۆریش پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادیدا ، هەروەها ناتوانێت

یەکسانیش بەرهەم بهێنێت . ڕووی زانستی یەکسانی ، پەیوەندی بەدەست ڕاگەیشتنی ئازادانەی مرۆڤەکانە بە هەموو بەدەست هاتووەکانی مرۆڤایەتی. هەروەها ئازادیش بەشێکی لە یەکسانیدایە وبەشەکەی تریش پەیوەندی بە هەڵسوکەوتێکی زانستییانە و بێسانسۆرەوە هەیە .

واتە ئازادی پەیوەندی بە ئازادی دەوروپشتەوە هەیە ، بۆیە ئازادی هەموو پێکەوە دەتوانێت پەیڕەوی ئازادی بێت .ئازادی دژی پراکماتییە.بەم پێیە ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگای بێ چیندا ، پەیوەندییەکی دیالێکتیکیان پێکەوە هەیە . چونکە ناتوانرێت یەکێکیان با جیاواز و بێ ئەوی تریان دەست نیشان بکرێت .؟ واتە ڕیشەیان لەناو یەکدایە و یەک ئەوی تر تەواو دەکات .

نەبوونی چینەکان دەست نیشانی ئازادی دەکات ، هەروەها یەکسانیش بەرهەم دەهێنێت لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ناونیشانی دەوڵەت لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چیندا ناونیشانێکی ونە . دەوڵەت وەکو ناو وەک پێکهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خەسڵەت وپێکهاتی چینایەتیدا هەیە . لەبەر ئەوەی ناتوانرێت چینەکان لە ژیاندا بەردەوام بن و ئازادی و یەکسانی هەبێت .کاتێک ئێمە بۆ ئازادی و یەکسانی هەوڵبدەین،دەبێت لە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتی ئابووری بێ چین بین . هەتا بتوانین ناونیشان و پێکهاتی سیستەمی دەوڵەتی ڕیشەکێش بکەین و گوم ناوبێت . بەم پێودانگە پلاتفۆرمی (ئازادی،یەکسان،حکومەتی کرێکاری)ناتوانێت پلاتفۆرمێکی زانستی و بێ شۆک بێت .بەڵکو پەیوەندییەکی ناوازەیان بەیەکەوە هەیە ، لەناو باسەکەدا زیاتر ڕوونیان دەکەینەوە .

هەروەها ئەو دروشمەی کە ئێستا بەرزی دەکەنەوە،

ناونیشانی(ئازادی،یەکسانی،جمهوری سۆسیالیستی). هەمان پێک هات و هەمان ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیان هەیە . لەبەر ئەوەی هەم ناوەڕۆکی جمهوری سۆسیالیستی و حکومەتی کرێکاری یەک فۆڕمیان هەیە ، هەروەها بە ووتە و بێژانی خۆیان جمهوری سۆسیالیستییان لە بری حکومەتی کرێکاری بەیان کردووە . لەگەڵ ئەوەشدا کاتی بەیان کردنی پلاتفۆرمە کۆنەکەیان ، حکومەتی کرێکاریان ، بە سۆسیالیزم ناوزەند دەکرد . ئەمەش بێجگە لە لێکدانەوە و دیدگایەکی هەڵەو بێ ناوەڕۆکیان هیچ واتایەک نابەخشن . ئەم لایەنەشیان زیاتر لە نووسینەکەدا ڕوونم کردونەتەوە . چونکە دیدگاو پرەنسیبی (سۆسیال–لیبرالیزم)ن.

بەڵام لێرەوە دەمەوێت لەسەر بەیانی جمهوری سۆسیالیستی ، دیدگای خۆم ڕوون بکەمەوە چونکە بەیانێکی یەکێتی سۆڤیەتانەیە و لەگەڵ لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی ئەو کاتەی سۆڤییەتدا جووت و یەک ناوەڕۆکە . لەبەر ئەوەی جمهوری سۆسیالیستی خەون و خەیاڵی سۆشیاڵ–شۆڤێنیست و هاو ئامانجەکانیانە . ئەو لێکۆڵینەوەیەو بەکارهێنانی دەستەواژەی جمهوری سۆسیالیستی لە دیدگایەکی تەسک و کورتبینی نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت . ئەو کات لە سەردەمی شۆڕشی ڕوسیا و دواتر لە چوارچێوەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات .بوو بووە وێردی سەر زمان و بە پەرەنسیپێکی گونجاوی هەل و

مەرجی وڵاتانیان دەزانی . بەڵام ئەم ناوەڕۆکە و ئەو دەستەواژەیە ، ناتوانێت دەستەواژەیەکی هەڵپێکراوی گونجاویش بێت ، تەنها گونجاویان لەگەڵ بەکارهێنانە شۆڤێنستییەکاندا هەیە .

ئەگەر کۆمار هەبێت ، ئەوا دەسەڵات هەیە ، دەسەڵاتی چینێکیش یانی قۆرغ کردنی ئازادی و یەکسانی بەم پێودانگە سۆسیالیزمی زانستی بەرقەرار نییە و ، لێک جوودان و لە ڕووی پەیوەندیشیانەوە دژ بە یەکن . بەڵام لە ئێستادا و لە سەردەمانێکی لەوەو پێشەوە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە ، ببووە هۆی هەڵخەڵەتاندن و دووبارەکردنەوەی هەمان پێکهاتی چینایەتی سیاسەتی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی لەژێر پەردەی ئەو دروشمەدا . واتە تەنها لە سیاسەتی دیماگۆجییەوە سەرچاوەیان گرتووە و، بەشێکی گەورە لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری دەباتە پێشەوە . کەواتە جمهوری سۆسیالیستی ، هەمان پێک هاتی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتییە و تێڕوانین و دیدگایەکی سۆسیالیستی بۆرژوازیانەیە, هۆیەکی تری دەربڕینی هەمان ناوەڕۆکە ، لە لایەکی ترەوە پلاتفۆڕمێکی تریش خۆی خزاندووەتە نا گۆڕەپانی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی چەپی ووردە بۆرژوازییەوە. ئەویش پلاتفۆڕمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورای)، کە ناوەڕۆکی ئەم پلاتفۆڕمە لەهەمان ستراتیجی ( ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)ییەوە سەرچاوەی گرتووە . بە ووتەی نووسەری ئەو پلاتفۆڕمە لە پێناوی جێ بە جێکردنی ستراتیژی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)دا داڕێژراوە. بە پێی دیدگای خۆیان لە ڕێگەی ڕەوشی ئێستای عێراقەوە ئەم سیاسەتەیان هەڵهێنجاوە.

بەڵام ئەو پلاتفۆڕمە و پلاتفۆڕمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)هەمان ناوەڕۆک و هەمان ئامانجیان هەیە . چونکە یەکسانی واتای (نان،کار)ی یەکسانە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ ، ئازادیش هەمان واتای ئازادییە و حکومەتی شورایی مرادیفی حکومەتی کرێکارییە . چونکە دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاری ، دەسەڵاتێکی شوراییە و پەیڕەوێکی شورایی کرێکارانەی تیادا جێ بە جێ دەبێت واتە جیاوازی ئەم پلاتفۆڕمانە لە ناوەڕۆکی سیاسی و بەرژەوەندییەکانیاندا نییە . تەنها لە ڕووکاری دەرەوەیاندا جۆرێک لە بەکارهێنانی دەستەواژەی جیاوازیان کردووە بە پەردە پۆشی تەنگەژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزریان، دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە درێژە بە تەمەنی هەمان سیاسەت و بەژەوەندی بدەن. بەڵام ئەم سیاسەتە ناتوانێت لەگەڵ مێژوودا تەمەن درێژو گەشەکردوو بێت، بەڵکو تەنها سیاسەت و تاکتیکی کەنارەگیری ووردە بۆرژوازییە و مەرگ و بە توحفەبوونی دەبێت بە دیفاکتۆ و بڕوایەکی بەڵگە نەویست .

لەلایەکی ترەوە پلاتفۆڕمی (نیشتمانێکی ئازاد گەلێکی بەختیار)ی حیزبی شیوعی ، ڕوون و ئاشکرا دەکەین و لە مێژووی پێک هێنانییەوە ئامانجەکانی دەردەکەون و دەزانرێت هەڵئینجاوی چ هەلومەرجێکە و پابەندی سەد دەر سەدی، چ سیاسەتێک و بەرژەوەندییەکە .

چونکە ئەو ئامانجە لە ڕابردوودا بزووتنەوەی دیموکراتی خوازی لە عێراقدا پابەندی بوون . هەروەها وەک سیاسەتێکی ڕووت و ئاشکرایان ئامانجی ئاشکرای ئەو کۆمەڵە دەخستە بەر دیدەو لە ڕەووشی عەینی کۆمەڵگادا بەرجەستەو پراکسیس دەکرا .

لە ساڵەکانی بیستی سەدەی ڕابردوودا ، عێراق لە ژێر هەلومەرجی کۆلۆنیال کردندا ژیانی دەگوزەراند . زۆر لە وڵاتان دەیانویست کاریگەری خۆیان لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری عێراقدا بگێڕن ، و گەلە گورگ ئاسا دەیانویست لاشەی ئابووری عێراق بۆخۆیان ڕابکێشن . هەر لایەو بە پێی سیاسەتی پراگماتیستانەی هەڵسوکەوتی دەکرد و ڕەووتی ڕووداوەکانی بەلای خۆیدا کێش دەکرد . لەو کاتانەدا یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتییەوە کە دەزگایەکی لێکۆڵینەوەو پابەندی پەیوەندی کردن بوو بە ڕەوشی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕووناکبیران و دیموکراتیکەکانەوە. تا بتوانێت پەیام و پرۆژەی سیاسی و ئابووری ئیمپریالیزمی بەریتانی لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە پوچەڵ بکاتەوە . ئەمەش لە بەرژەوەندی چینی کرێکاری عێراقدا نەدەکرا . بەڵکو لە ڕوانگەی سوود و بەرژەوەندییەکانی ، وەکو سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی هەڵسوکەوتی دەکرد. واتە دەیویست وەکو ویست و خواستی سەرمایەداری دەوڵەتی و تازە پێگەیشتنیان ، دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی خۆیان دزە پێبکەن بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.هەر ئەو کاتانە بوو کە ڕەوەندی شۆڕش لە عێراقدا تاووی سەند و لرپەی ئاگری دەهات . بزووتنەوەی کرێکاریش پێ بە پێی شۆڕش و بزوتنەوەکەی خۆی لە جمو جۆڵی نۆڕماڵ و چینایەتی خۆیدا بوو . ئەو کاتانە لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری عێراقدا چەند کەسایەتی و هەروەها چەند ئەڵقەی ڕۆشنبیری و سیاسی و سەندیکالیستی بوونیان هەبوو بەهەر هۆیەکەوە بووبێت ئەگەر هۆی ئەوەش بووبێت کە لەو ساتەدا ڕووسیایان بەلانکەی شۆڕشی جیهان زانیبێت . ئەوانە پەیوەست کران بە سیاسەت و ستراتیژی سۆڤیەتەوە و پەیوەندی گری لەگەڵ ئەو سیستەمەدا بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بە یەکتری دەکرد . لەم ڕێگەیەوە سیاسەتی سۆڤیەتی سوار ملی ڕەوەندی خەبات و تێکۆشانی کرێکارانی عێراق بوو ،سیاسەتی سۆڤیەت هەمان سیاسەتی بزووتنەوەی چەپ بوو لە عێراقدا ، هەروەها پێک هاتی ئەو سیستەمە و داکۆکی کردن لێیان ، ببووە بەشێکی گەورەو گرانی لێکدانەوەکانیشیان وتێڕوانینیان بۆ ڕەوشی عێراق .

هەروەها دەسەڵات و سیستەمی کۆلۆنیالی لە عێراقدا هەلومەرج و پێکهاتێکی ئابووری و سیاسی وای پێکهێنابوو، کە ئامانجێکی دژکاری بەهەمان هێز دروست کردبوو . ئاوات و ئامانجێکی تری جیاواز لە بەرژەوەندییەکانی خەبات و تێکۆشان و بزووتنەوەی چینی کرێکار دروست کردبوو.ڕۆشنبیرەکان هەڵگری بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بوون لە ژێرناونیشانی پێشکەوتن خوازیدا. ڕەوشی ڕووداوەکان و هەڵوێستێک بە زهنیەتی سۆڤیەتانە، دیفاکتۆی عێراقی هەڵدەسەنگاند. هەروەها پلاتفۆڕمی (نیشتیمانێکی ئازاد،گەلێکی بەختیار) هەڵێنجاوی ئەو زهنیەتانە بوو ، کرا بە ستراتیژ و پلاتفۆڕمی بنەڕەتی بزووتنەوەی چەپ و کرێکاران .واتە ئەم پلاتفۆڕمە هەڵێنجاوی زهنێکی نیشتیمانی بوو .سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار

تێدا خرانە پێناوەوە . لەم سۆنگەیەوە ئەم پلاتفۆڕمەش پلاتفۆڕمی چینی کرێکار نییە، چونکە چینی کرێکار نیشتیمانیان نییە.

بە پێی ناوەڕۆکی ئەو پلاتفۆڕمە ، ئامانج و سیاسەتی وردە بۆرژووازیانەی ستراتیژی سەرمایەدارییە ، هەروەها درێژە پێدەری هەمان دەسەڵاتە. لە سۆنگەی ئەمانەوە ئێمە پلاتفۆڕمی ئەوان بە ئامانج و ئاواتەکانی سەرمایەدارییەوە گرێ دەدەین و ئێمەش پلاتفۆڕمی خۆمان بەیان کردووە لە نووسینەکەدا. هەروەها ئامانج و ستراتیژی پلاتفۆڕمەکەمان ڕونکردووەتەوە . ئەمەش هەڵئەگرین بۆ ناو نووسینەکە .

ئەبوایە ئەم نووسینە پێش ساڵێک لەمەوبەر بکەوتایەتە بەر دەستی خوێنەری چونکە ئەو نووسینە زۆر لە پێش ئەم پێشەکییەدا نووسراوە . بەڵام بەهۆی بێ ئیمکانییەوە نەمان توانییوە بڵاوی بکەینەوە . هیوادارم ئێستاش جێگای خۆی بگرێت ، وە بێ گومانیش کە جێگای خۆی لەسەر ڕەووشی ڕووداوەکان هەر ماوە ، چونکە ئێستاش ئەو پلاتفۆڕمانە هەر پلاتفۆڕمی حیزبەکانیانە.

ن.ف.عبدللە

تەممووزی (2000)

## بەشی یەکەم

## دەوڵەت و سەرەتایەک لە دروستبوونی

بۆ پێناسەی دەوڵەت، پێش هەموو شتێک ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە دەوڵەت دەبێت چ واتایەک ، یان واتای دەوڵەت چی ئەگەیەنێت؟ بێگومان بریتیە لە چوار چێوەیەی کە چینەکان لە مێژوویەکی کۆنەوە دەسەڵات و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان تیایدا دەبەن بەڕێوە و پارێزگاری پێ دەکەن لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی باڵا دەستەوە ئەمانەش هۆیەک لە هۆیەکانی دروست بوونی دەبێت .

واتە لە مێژووی سەرەتایی ئینسانەوە ، کاتێک کە ئینسان لە چوار چێوەی پەیوەندییەکی عەشائیری بێ چین دا گوزەری کرد بۆ پەیوەندییەکی چینایەتی ، گرنگی دەوڵەت بە سەرەتایی دامەزراندنی ئەو بەرژەوەندییەوە گرێی خوارد کە تاک لە کۆمەڵدا خاوەنی سەروەت و سامان بوو . بەم هۆیەوە خۆی سەپاند بەسەر هەموو پەیوەندییەکانی ژیاری ناو پەیوەندییە ئینسانییەکان .

ئەم سەرەتایە بووە هۆی سەرەتای دروستبوونی کۆیلە و کۆیلەدار ، هەر لەو کاتانەدا بە پێی ئەو شەڕ و شوڕانەی کە لە نێوان خێڵەکانی کۆندا ڕوویان ئەدا ، دیل و دەست کەوتەکانی شەڕ بوونە هۆی کۆبوونەوەی گا و گۆتاڵ و مەڕ و ماڵاتی زۆر لەلای سەرۆک خێڵ یان شەڕزانی بە توانا و گەورە شەڕکەری خێڵ . کۆبوونەوەی سەروەت و سامان و دیلەکان بوونە هۆی ئەوەی کە ئینسانی خاوەن پایەو پلەی ناو خێڵ پارێزگاری بە چوار چێوەی ئەو پەیوەندییەوە بکات و بتوانێت لەم ڕێگەیەوە زیاتر و زیاتر باڵا دەستی خۆی بەسەر هەموو ئەندامانیدا بسەپێنێ و بەرجەستەی بکات .

باڵا دەستییەکانی ئەگەڕایەوە بۆ سەرۆک خێڵ و کۆبوونەوەی مەڕو ماڵاتی زۆر و خاوەندارێتی و خۆ جیاکردنەوەی ئەندامانی تری ناو خێڵ ،بووە هۆیەک لە هۆیەکانی باڵادەستی و سەردەست بوونی خاوەن مەڕ و ماڵات .

لەلای خاوەن کۆیلەکان، بەکارهێنانی کۆیلەکانیان، لە ڕێگەی شوان کارییەوە بەکاردەهێنا لە بەخێو کردنی گا و گۆتاڵەکانیان. ئەمانە هەر هەموویان دەبوونە سەرچاوەی گەشە و نەش و نمای سەروەت و سامانی خاوەن کۆیلەی دیل کراوی شەڕەکان . کۆیلەداری هەر لەو کاتەدا دروست بوو ، بێجگە لەوەی کە لە دواتریش دا کشتوکاڵ هاتە ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە و تۆزێک گەشەی کرد ، لە پاڵ شوان کارەییەوە کشتوکاڵ برەوی پێدراو بوو بووە بەشێک لە پەیوەندییە ژیارییەکانی ئەو کاتەی ئینسان. کۆیلەکان لە شوان کارەیی و کشتووکاڵیشدا بەکار

دەهێنران . هەروەها خاوەن کۆیلەکان بە تەنها هۆی بەرهەم هێنانیان ( زەوی و کەلوپەلی کشتووکاڵی )یان نەبوو ، بەڵکو خاوەنی کۆیلەش بوون.

بێ گومان ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە سەرچاوەیەکی بەڕێوبەرایەتی هەبوو ، یان دەسەڵاتێک هەبووە کە سەربا ز و کۆمیتەکانی بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت ، بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرامبەر هەر هەوڵ و تێکۆشانێک کە لە ناو کۆیلەدا هەبێت ئەمان پێش وەخت باڵا دەستی خۆیان بەدەست بهێنن . واتە کۆبوونەوەی سەروەت و سامان و کۆیلە دیل کراوەکان لەلای چەند ئەندامێکی خێڵ بووە هۆی ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە ببێتە پێویستی پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی کۆیلە داران . لەبەر ئەوە کۆیلە داریش پێویستی بە دەوڵەت هەبوو ، هەوەها دەوڵەتیش پێویستی کۆیلەداری بوو. کەواتە دەوڵەت بەشێوە سەرەتایی و سادەکەی دەرکەوتنی لەگەڵ دەرکەوتنی جیاوازی چینەکاندا هاوتا و هاویەک بوو.

ئیتر لەلای ڕۆمانەکان و لە یۆنانی کۆندا بە ناوی جیاوازەوە ناو دەبران ، هەر هەموویان باس و خواستیان لەو دەسەڵاتە کردووە کە دەسەڵاتی چینێکە بەسەر چینێکی تردا . لە پێش ئەم حاڵەتەی دەسەڵاتی چینەکان دەسەڵاتی بەهرەکێشانی چینێک بۆ چینێکی تر نەبوو. واتە لە کۆمەڵی سەرەتایدا پەیوەندییەکانیان ئەشووبهێنرایە سەر وەحشیەت و لە ئینسانی ئێستاوە دوور بوون .

لەو کاتانەدا هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تیا نەبێت . تەنها دەسەڵات دارێتی دەسەڵاتی عورف و عاداتێک بووە ، بە تەنها دەسەڵاتێک بوو کە پیر و ڕیش سپییەکانیان خۆشیان پێدەهات و بوو بوونە زنجیری(تقوس)مەراسیم و ڕێز و دەسەڵات. دەبینین ئەو دەسەڵاتانە لە هەندێ شوێندا بە دەسەڵاتی ئافرەتانەوە بەند بوون ، واتە ئەو ئافرەتانەی ئێستا ناکە بێ بەش لە هەموو مافێکیان . هەروەها ئێمە تجریدی بکەین لە فێربوونە دینییەکان و ڕەونەقی فەلسەفی ، هەموو ئەو بۆچوونانەی کە بەرهەم دەهێنرێن لە لایەن زانا بۆرژوازییەکان و وە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ئەرکانە بێت . لێرەوە دەبینرێت کە لە سەرەتادا دەوڵەت وەکو ئەداتی خۆ داسەپاندن (حکم) کردن بەسەر ئینساندا دەرکەوت . بەم پێیە ئینسانەکان بوون بە دوو کەرتەوە ، کەرتێک بوو بە بەرهەم هێن و کەرتەکەی تریش کە کەمەکێک پێکدەهێنن بووە بە بەرهەم خۆر.هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵێکی تایبەت لە ئینسان هیچ کارێک ناکەن بێجگە لە بەڕێوەبردن و فەرزکردنی دەسەڵات نەبێت ، هەروەها لە هەموانیش باشتر و چاکتر ژیان ئەگوزەرێنن.

هەر لە سەردەمی دروست بوونی یەکەم دابەش بوونی چینەکانەوە دەسەڵات دارێتی کەمەکێک بەسەر زۆرایەتییەک لە ئینساندا دروست بووە . ئینسانی خاوەن دەسەڵات بیری لەوە کردەوە بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی و بۆ ملکەچ کردنی ئەوانی تربە شێوەیەکی توند و تیژ، پێویستیان بە ئەداتێکی تایبەتی هەیە بۆ سەرکوت کردن ، پێویستیان بە گرتوو خانە هەیە ،

هەروەها بە ئەداتە تایبەتییەکانی نزیک بە دەسەڵات هەیە کە لە کۆمەڵێک ئینسانی ڕاهاتوو بە چڵپاو خۆری دەسەڵات پێک دێن. سووپاش ئەبێتە بەشێک لە پارێزگاری دەسەڵات وبەرژەوەندییە ئابوورییەکان و هەتا هێرش کردنە سەر ناوچەکانی تری دەسەڵاتی ئەم لاو لاو ، بۆ بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی خێڵەکانی تر. ئەمانە لە ڕۆمانەکانی کۆن و یۆنانیەکاندا بە ئاشکرا دەبینراو یان ڕێوایەتی لەسەر کراوە. هەموو ئەوانە بوون بە هۆیەک بۆ دەرکەوتنی دەوڵەت.یان دەوڵەت پێویستی بە هەموو ئەم لایەنە جیا جیانە هەیە بۆ پارێزگاری لە دەسەڵات. لەسەردەمانی کۆن دا دەوڵەت نەئەبینرا و نەچوو بووە چوار چێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی گشتی هەبوو کە ئەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵ خۆی . سیستەم و ڕێکخستنی کار لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە بێ چینانەدا لەسەر هێزی تەقالید و عاداتی ئەو ساتە وەختانە ئەوەستا . لەسەر تقوس (بۆنەو مەراسیم) یان ڕێزی ئەو عاداتانە دەسەڵاتدار و ملکەچی دروست دەکران . کە سەرۆک خێڵ بە میرات بۆی ئەمایەوە ، یان ئەو پەیڕەوانەی کەلە دەسەڵاتی ئافرەتاندا هەبووە بە هیچ جۆرێک بارێکی یەکسان نەبووە لەگەڵ پیاواندا . لە هەموو ئەو بار و کاتانەدا وە هەروەها لە کاتە ئاساییەکاندا ، نەبووەتە ئەوەی کە کۆمەڵێک لە ئینسان پسپۆڕی دەسەڵاتداری بێت ، بەڵام دەوڵەت لەگەڵ جیاوازی چینایەتیدا دەرکەوت ، باری جیاوازی چینایەتی و دەسەڵاتەکەی بە پێی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتییەکەی و پەیوەندییەکانی گۆڕاوەو دەوڵەت پێکهاتووە.

هەروەها ئەو دابەش بوونە بووەتە هۆی ئەوەی کە بە بەردەوامی هێزی کاری کۆمەڵیک لە پێناوی گەشەو زیادبوونی سەروەت و سامانی کەسێک یان کۆمەڵێک بەگەڕ بخرێت بەهرەکێشانی تاکی کۆمەڵ بەسەر هێزی کاری کۆمەڵێک بووەتە هۆی دابەش بوونی چینەکان . ئەم دابەشبوونانە لە مێژوودا بووەتە بنەڕەتی واقعێکی گەشەی هەموو کۆمەڵی بەشەری لە سەر تا سەری دنیادا، لە ماوەی هەزاران ساڵدا ، یاسا بنەڕەتییەکانی ئەم گەشەیە ، لەسەرەتادا کۆمەڵی بێچین دەردەکەتن و دواتر گەشە دەکەن بۆ کۆمەڵی پاتریارکی(باوک سالار)یەکەم ، هەروەها کۆمەڵی سەرەتای هیچ ئەریستۆکراتێکیان تێدا نەبووە و نەیان توانیوە ئەرستۆکرات بێت هەتا ئەو کاتەی کە لە کۆمەڵی سەرەتای بێ چینەوە سەریان دەرهێنا وبوونە خاوەنی گا و گۆتاڵ و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر .بەدیل گیروەکانیشیان بە ئیش و کاری شوان کارەییەوە یان بۆ گوێزانەوە و هەندێک لە ئیش و کاری کشتوکاڵ بەکاریان دەهێنان. دوای ئەم گەشەییە ئیتر کاری کۆیلەداری و کۆمەڵی کۆیلەداری گەشەیان کرد. توانیان بە تەواوی دەست بەسەر کۆمەڵی بێچیندا بگرن و کۆمەڵی چینایەتی پێکبهێنن و کۆیلەداریان بە تەواوی دامەزراند . هەروەها تا ئێستاش هەندێک لە ڕووەکانی کۆیلەداری لەناو کۆمەڵ و دەوڵەتی گەشە کردوو نەکردووەکاندا هەیە ، هەر وەکو لە هەندێک وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپای ڕۆژهەلات و هندو ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا دەردەکەوێت . کۆیلەدار بەوە دەردەبڕدرا کە خاوەنی کۆیلەیە ، کۆیلە بە هەموو جۆرێک کاڵای دەستی خاوەن کۆیلەیە . هەروەها قانوونەکانیان لە دەوڵەتی کۆیلە داریدا ، یان سیستەمی کۆیلەداریدا ، بەیان دەکرا کە کۆیلە کەل و پەل و خاوەنی کۆیلە خاوەنی ئەوە ئەویش موڵکی ئەوە، ئەم پەیوەندییە زیاتر گەشەی بە

چەوساندنەوەی چینایەتی دەکرد . لەو کاتەدا کە دەوڵەتی کۆیلەداری دەرکەوت ، ئەداتی دەوڵەتەکە کەوتە دەست خاوەن کۆیلەکان ئیتر هەموو دەسەڵات و پێویستییەکانی حوکم کردن و هەموو کۆیلەکانیان لەدەستدا بوو ، لەو کاتانەدا کۆمەڵ و دەوڵەت زۆر لەوە بچووکتر بوون کە لە ئێستای جیهازی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتیدا هەیە ، واتە لە هەموو ڕویەکەوە کەموکوڕی و لاوازیان هەبوو لە چاو دەسەڵاتی ئێستاکەدا ، چونکە لەو کاتانەدا هەتا شاخەکان و دەریاکانیش بۆیان دەبووە بەربەستێک لەبەردەم هەندێک ئیش و کاریاندا یان لە بەردەم گەشە و زیاتر ئەرکی کۆیلەکان زیادی دەکرد . ئەمانە وای دەکرد کە جوغرافیایەکی بەرتەسکی سیاسی و دەوڵەتی یان هەبێت ، هەروەها دەبوونە هۆی ئەوەی کە لە هەموو لایەنەکانی تری تکنیکی و کار فرمانەوە زۆر لاواز بن ، یان دەوڵەت هەموو کارێکی تەنها لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆیلەداری و خاوەن کۆیلەکاندا بووە . لە هەموو حاڵەتێکیدا ئەداتی دەوڵەت تەنها وەک ئەداتێکی سەرکوت کەر و مل پێشۆڕکردنی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر هەبووە ، هەموو ئەو کارانەش بێ هۆی سەر شۆڕکردن نابێت . هەروەها شێوەی دەوڵەت بە پێی پێش کەوتنی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئەو کاتەی کۆمەڵ و دەوڵەتەکان دەردەکەوێت . بۆ نموونە لەلای ڕۆمانەکان و یۆنانیەکان کە بە شێوەیەکی تەواوەتی پشتیان بە دەوڵەتی کۆیلەداری دەبەست ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەک دەردەکەوت لەنێوان مەلەکیەت و جمهورییەت ، لە نێوان دیموکراتییەت و ئەریستۆکراتییەت و مەلەکیەت(پاشایەتی)یانی دەسەڵاتی تاک ، بەڵام جمهورییەت بە واتای دەسەڵاتی هەڵبژێردراو دەهات . هەروەها ئەریستۆکراتییەت بە مانای دەسەڵاتی کەمایەتی کەم دێت ، وە دیموکراتیەت بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت ، وەرگێڕدراوی مانا یۆنانیەکەیەتی و ئەمانە هەر هەموویان لەسەردەمی کۆیلایەتیدا دەردەکەوتن . بەم پێیە لەو کاتەدا کە جیاوازی دەکرا لەسەر لێکدانەوەکانیان و لە فەلسەفە جیاجیاکانی ئەو کاتانەشدا شیکردنەوەی جیاجیان بۆ کردووە. بێجگە لەوەی کە دەوڵەتی کۆیلەداری هەبووە و دەسەڵات هەر هی ئەوان بووە. قانوونی ڕۆمانەکان کۆیلەیان بە ئینسان و بە هەند نەدەگرت . بەڵکو وەکو کەلووپەل مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرد ، نەبەهاو ووڵاتی بەحساب دەهاتن و...هەروەها یاسای تاوانی کوشتن بۆ کۆیلەدارەکان نەبوو ، تا گیانی کۆیلەکان بپارێزێت . بەڵکو تەنها کۆیلەدارەکان بەهرەمەند بوون لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی ناو دەوڵەت و هاووڵاتی بوون . واتە کاتێک کە ڕستی جمهوری پاشایەتی هاتە پێشەوە هیچ نەبوون تەنها دەربڕینێک بوون بۆ دەسەڵاتی خاوەن کۆیلەکان .

لە کۆماری ئەریستۆکراتیدا ، کۆمەڵێکی کەمیان بەشداریان دەکرد لە هەڵبژاردندا چونکە جیاواز بوون لە هەموو خاوەن کۆیلەکانی تر . بەڵام لە جمهوری دیموکراتیدا هەموویان بەشداریان دەکرد لە هەڵبژاردندا ، واتە هەموو خاوەن کۆیلەکان بەشداری هەڵبژاردنیان دەکرد . بەڵام کۆیلەکان بە هیچ جۆرێک لەو بەشداری کردنەکدا نەبوون . هەرچەندە فەرمانڕەواییەکان لەو کاتانەدا هەمە ڕەنگ بن بەڵام هەرهەموویان یەک ناوەڕۆک بوون .بەم پێیە بەتەنها لە کۆیلە دارییەوە شێوەی بەرهێنان گۆڕاوە ، بەڵام لە کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا پەیوەندی و پەیوەستی جوتیار بە زەوییەوە دەبینرێت .

شێوازی بنەڕەتی لە کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا جوتیاران پەیوەستن بە زەوییەوە ، لەو کاتانەدا جوتیاران زۆرینەی کۆمەڵ پێک دەهێنن ، هەروەها دانیشتوانی شارەکان کەمایەتی پێکدەهێنن. لەمانەوەیە یەک واتای دەرەبەگایەتی دروست دەبێت لەم دەسەڵاتەدا ، جوتیاران مافی ئەوەیان هەیە کەلە زەوییەکانی خۆیاندا چەند ڕۆژێکی دیاری کراو لەو زەوییانەدا بۆخۆیان ئیش بکەن . کە خاوەن زەوی و زارداویەتی پێیان, دوای ئەوە ڕۆژانی دوای جوتیار لە پێناو خزمەت کردنی گەورە و خاوەن زەویدا ئیش دەکات . لێرەدا دەبینرێت کە جوتیارانیش بێبەشن لە مافەکانیان ، بەڵام جوتیارانی دەرەبەگ نابنە کاڵای خاوەن زەوی ، وە بە سنوورێکی دیاریکراو خاوەنی خۆی بووە و، لێرەشەوەیە کە ئەو بارەی بۆ ڕەخسابوو بتوانێت خۆیان ڕزگار بکەن .

ڕزگار بوونی جوتیارانیش بەپێی ڕێژەی فراوان بوونی تواناکانی گەشەی ئاڵ و گۆڕ و پەیوەندی بازرگانی زیادی دەکرد . واتە ڕزگار بوونیان توانای ئەو گەشەیە دەست نیشانی دەکرد. چونکە جۆرێکی تری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی دەهێنایە پێش و بار و زروفی جوتیاران و جۆری ژیانیان و پەیوەندییەکانیان دەگۆڕا لە ڕێگەی گۆڕینی پەیوەندییەکانیان بە زەوی و زارەوە . لەو سەردەمانەدا وا ئەبینرا کە جمهوری یان مەلیکی(پادشایەتی)بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە هیچ جۆرێک لە دەسەڵاتی دارێتی نەدەکرد بێجگە لەو دەسەڵات دارێتییە نەبێت کە خاوەن زەوییەکان دەیانبێت ، چونکە لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەسەڵاتەوە ، جوتیاران بێبەش ئەکران لەهەموو جۆرە مافێکی سیاسی... واتە چوار چێوەی کار و فرمانەکانی جوتیاران بە پێی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خاوەن زەوی و زارەکان بوون .

ئەوان ئەیان توانی هەموو بڕیارێک دەربکەن و ئەیانتوانی هەموو یاسایەک لە چوار چێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا حچانەی(پشت و پەنا)ی یاسای بۆ دروست بکەن . بەم پێیە هەر بۆ خۆیان و هی خۆیان دەبێت ، بە سوود و قازانجی خۆشیان تەواو دەبێت . ئەگەر ئەمەش دەسەڵات بێت بێگومان لە چوار چێوەی دەوڵەتدا سنووربەندی دەکرێت و دەوڵەتیش پرۆسیسی دەسەڵات دەکات . لەلایەک زیاتر چەوسانەوە و هەڵکەندنی جووتیاران لەسەر پارچە زەوییەک و کەوتنە ژێر قەرزێکی زۆر و زەبەندەوە. کە بە زەوییەکان و هەندێک جاریش وای لێدەهات کە پەیوەندی ئەندامێک یان هەموو ئەندامانی خێزانی جووتیاری قەرزار بۆ دانەوەی قەرزەکانیان ببێتە کۆیلەی بەردەوامی خاوەن زەوی . واتە لە ڕێگەی کاری پارچە و بەش بەش و بە کرێ دانی زەوی و ئیش کردن لە زەوی خاوەن زەوییەکاندا(دەرەبەگ)هەموو ئەو بارە نا هەموارەی بۆ جووتیاران ئەکردە واقع و لە جێگە و شوێنی خۆیان هەڵیئەکەندن و ملی ڕێگەی بۆ شارەکان پێ دەگرتن، لە شارەکاندا دەبوونە کۆیلەی کاری بە کرێ . کارکردنی جووتیاران لە شارەکاندا بە شاگردی یان بە پارچەکاری کارییان دەکرد لەلای خاوەن کار و لە ناو مانیفاکتۆرەکاندا . ئەمەو گەشەی بازرگانی و گەشەی ئاڵوگۆڕی کەل و پەل ، تیشکی دەخستە سەر ئەوەی کە چینێکی تازە لە ئاوێزەی شووشەی خۆیدا دەردەخست ، ئەو چینەش (چینی سەرمایەداران) بوو .

لەلایەک هەموو ئەو وەستایانەی کە لە دەزگا دەستییەکانی خۆیاندا کاریان دەکردوو ، کەلووپەلی دروست کراویان بەرهەم دەهێنا . خاوەنی دەزگاش خاوەنی کەل و پەل و هێزی کاری خۆی بوو . بالآم ئەمان لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی هێزی کاری خۆشیان بوون لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە کاری دەکرد لە گەڵیاندا لە پێناوی ئەوەدا بوو کە سبەی ڕۆژ ببنە وەستا و خۆیان خاوەنی هێزی کاری خۆیان بن . بەڵام ئەو خواست و ئاواتەی پێشەوەران وەکو خۆی نەمایەوە ، بەڵکو گۆڕان کاری بەسەردا هات . چونکە مانیفاکتۆر هاتە کایەی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیەوە و بریتی بوو لە یەکگرتنی چەند دەستگایەکی جۆرا و جۆری بەرهەم هێنان ، کە بە هێزی هەڵمی کاریان دەکرد و چەند ئەندامێکی ئیش کەریان لە خۆگرتبوو کە ئیش کردنەکەیان بۆ خاوەنی مانیفاکتۆرەکان بوو هەرلەوکاتەدا دابەشبوونی کار دەستی پێکرد. بەم پێیە لێرەدا هێزی کار ، هێزیک بوو کە خاوەن هێزی کار وەکو کاڵا بە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانی ئەفرۆشت. لێرەدا خاوەنی هێزی کار خاوەنی هیچ هۆیەکی بەرهەم هێنان نەبوو .بەڵکو ئەویش هێزێک بوو وەک کەل و پەلەکانی تر ئەکڕان و ئەفرۆشران .

دروست بوونی چینی سەرمایەدارو چینی کرێکار ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بوون و گەشەی مانیفاکتۆر . کرێکارانی ئیشکەر زۆرترینیان ئەو جوتیارانە بوون کە لە دەست دەرەبەگەکانیان هەڵهاتبوون و ڕێگای شاریان گرتبووە بەر.

لەو کاتانەدا بازرگانی بووە هۆی دروست بوون و گەشەی سەرمایە ، هەروەها ئەو گەشەیەش زیاتر لە دوای دۆزینەوەی ئەمریکاوە دەستی پێکرد . هەر بۆیە سەدەی ناوەڕاست بووە هۆی سەرهەڵدانێکی گەورەی بازرگانی جیهانی و لەو کاتەشدا گەشەیەکی گەورەی بە خۆیەوە بینی . هەروەها کاتێک کە زیو و ئاڵتوون بوونە هۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی لەگەڵ کەل و پەلدا . واتە بە میقدار (بڕی) زیوو و ئاڵتوون کەلووپەلی دروست کراو دەکڕان . هەروەها ئاڵوگۆڕی نقدی دەبوونە هۆی کۆبونەوەی سەرمایەیەکی گەورە لەلای هەندێک لە ئینسان . بڕواهێنان بە زیوو و ئاڵتوون لەو کاتانەدا بوو کە هۆیەک بوو بۆ ئاڵووگۆڕ پێکردن و هەموو جیهان بڕوای دا پێیان .

لە ڕێگای بازرگانی و دروست بوونی بازاڕەکان و ساخ بوونەوەی کەل و پەلی دروست کراو . وورده وورده هێزی ئابووری خاوەن زەوییەکان هێلی بەیانییەکەیان ڕوو لەخوار بوو لەپاڵ ئەمەدا هێزی ئابووری بازرگانان ڕوو لەسەر بوو ، لە باری پانی و درێژیشدا هەروەها هێزێک بوون نوێنەرایەتی هێزی ئابووری سەرمایەدارییان دەکرد . وا پیشان ئەدرا لەلایەن یاسادانەرانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە ، کە گۆڕانی ساختمانی کۆمەڵ و دروست بوونی کۆمەڵی نوێ دەبێتە هۆی یەکسانی هاوڵاتیان ، دابەش بوونەکانی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و کۆیلە و خاەن کۆیلەکان نامێنن و جیاوازییەکانیان لە بەین دەچێت . یاسایەک دادەمەزرێت کە یەکسانی لە نێوان ئینسانەکاندا ڕادەگەیەنێت. یاسا خۆی ئەپارێزێت لەوەی کە خاوان

سەرمایەیە یان نا . بەم پێیە ڕاگەیاندنەکانیان دەریدەخست کە هەموو یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا و یاسا پارێزگاری لە هەمووان دەکات بەبێ جیاوازی .

هەروەها لە پاڵ ئەم فەلسەفەیەدا ، یاسایەکیان دامەزراند ، بە تەواوی پارێزگاری دەکرد لە سەروەت و سامانی خاوەندارەکان، لەمپەری دروست دەکرد لە بەردەم دەست درێژییەکانی کە لەلایەن کۆمەڵی بێ بەش و بێ سەروەت و سامان ئەکرێتە سەریان . ئەم کۆمەڵەش بێجگە لە هێزی کاریان نەبێت هیچ شتێکی تریان نییە ، بەبەردەوامی ڕوو لە هەژاری و نەداری و دەست کوورتین و باری خراپی ژیانیان ووردە ووردە دەگۆڕێت بۆ پرۆلیتاریا .

ئەو یاسایەی سەرمایەداران دایان ڕشتووە دوو لایەنەیە ، دوو فاقی جیاوازی هەیە .تەنها بۆ پارێزگاری کردن لە باری دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیاندا بەکاردەهێنرێت . ئەم یاسایانە و باق و بریقەکانی تەنها بۆ کوێرکردنی چاوی کۆمەڵی پرۆلیتارییایە ، قسەو قسەلۆکی ڕەنگینی بێ ڕەونەقن . لێرەدا کۆمەڵی سەرمایەداران پێکدێت ، دروست بوونی پرۆلیتاریا هاوومەرجی دروست بوونی ئەوانە . دروست بوونی کۆمەڵی سەرمایەداران و پرۆلیتاریا لەگەڵ گەشەو نەش و نمایدا ڕاستەوانە دەگۆڕێت . جارێکی تر زەوی لەسەردەمی سەرمایەدارانداا ئەیانزانێ ، زەوییەکانیان ئەفرۆشران بە جوتیاران و یان بە بەش ئەیان دانێ لەم بەش کارییەدا ، کاری سێ یەک و چوار یەک و هەتا ڕادەی دەیەکیش هەبووە .

سەرمایەداری ئەیویست لە ڕێگەی پلاکارتانی ئازادییەوە ، کە تەنها ئازادی بۆ سەرمایەداران بوو . دژایەتی کۆمەڵی کۆنی دەرەبەگایەتی پێ بکات . لەو کاتانەدا کە دەوڵەتی دەرەبەگایەتی دەوڵەتی سەرمایەداران جێگەی پێئەگرێتەوە و پلاکارتانی ئازادی گەل و کۆمەڵێک پلاکارتانی یەکسانی و شتی لەو بابەتانایان بەرز ئەکردەوە . وا بە هەندیان دەگرت ، کە ئەمانە هەر هەموویان بریتین لەوەی کە ئیرادەی گەلە و دژکاریان ئەکرد لەوەی کە دەوڵەتێکی چینایەتییان هەبێت . هەموو ئەو کارانەش لە پێناوی ڕام کردنی چینی پرۆلیتاریا و زەحمەت کێشانی چوار چێوەی سنوور و دەسەڵاتییان بە ئەنجامیان ئەگەیاند .

بەهەموو پێوەرێک هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و بە دوایدا دامەزراندنی سەرمایەداری، مانای ئازادی مانای نوێنەرایەتی ئازادانەی سەرمایەو دەوڵەتەکەیانە . بەم پێیە دەوڵەتی سەرمایەدارن ئالەتێکی یارمەتیدەرە بۆ سەرکووتی هەژاران و جووتیاران و چینی کرێکار . هەر کاتێک وا دەربکەوێت لە ڕووکاری دەرەوەیدا ئازادە ، وەک و ئەوەی کە مافی هەڵبژاردنی گشتی ڕادەگەیەنێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی تریش دەکات .بێجگە لە چینەکەی خۆی. یان نووسراو و داڕشتنی فەلسەفییانەی تری بۆ دەکات، لەلایەن فەیلەسوفەکانییەوە ، هیچ شتێک ناگەیەنن بێجگە لە چەوساندنەوەی ئینسانی کرێکار و بە تالان بردنی هێزی کاری کرێکاران .

لە ئێستا و ڕابردووی دەسەڵاتی سەرمایەداراندا ، زەوی و زارو هۆیەکانی بەرهەم هێنان تەنها سەرمایەداران لێیان سوودمەند بوون . هەر چەندە دیموکراتێک نیشان دابێت ، ناتوانێت لە دیموکراتێک بۆ سەرمایەداران و بۆرژوازی زیاتر هیچ ڕوویەکی سیاسی تر پیشان بدات. چونکە خەسڵەتی دەسەڵاتی چیانیەتی بەهرەمەند بوونی چینی باڵا دەستە بەسەر هەموو ڕوویەکی پەیوەندییەکانەوە . ئەگەر پەرلەمان و مافی هەڵبژاردنی گشتی و یەکێتیە پێکهێنەرەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری ، شێوەکانی سەدەلاتیان دەگۆڕێت یان هەرچەندێک بگۆڕێت ناتوانێت نکۆڵی بکات کە دەسەڵاتی بەدەست سەرمایەدارانەوەیە و دەوڵەتی سەرمایەدارانە . بەڵام جمهوری دیموکراتی و هەڵبژاردنی گشتی پێش کەوتن و گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە چاو دەرەبەگایەتیدا.

لە سەرمایەداریدا کرێکاران دەیتوانی و دەتوانن یەکێتییەکان و پێکهێنانی یەک ڕیزی ڕێکخراو و تێکۆشانی ڕێک و پێک دژی سەرمایەداران دروست بکەن . بەڵام لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا جووتیاران هیچ شتێکیان لەو بابەتانە نەبوو ، تەنها خۆیان نەبێت .هەروەها پرۆلیتاریا دەیەوێت دەوڵەت یان ئەو ئالیەتەی کە ناوی دەوڵەتی هەڵگرتووە فڕێ بدات ، هەروەها ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو ئەو اسگورە کۆنانەی کەوا بەیان دەکەن ، ئەمە دەسەڵاتێکی گەلی بووە ، لە درۆیەکی ڕووت زیاتر هیچی تر نییە .واتە تەنها دەسەڵات دەسەڵاتی سەرمایەداران و دەرەبەگەکان و خاوەن کۆیلەکان بووە ، هەروەها دەوڵەتەکانیشیان دەوڵەتی چینی باڵا دەست بووە.

## بەشی دووەم

# دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ

دەوڵەت بێجگە لە ئالەتێکی سەرکوتکەری چینایەتی هیچی تر نیە واتە چەوسانەوە و سەرکوتی چینێکی ترە لە لایەن چینێکی ترەوە ، هەروەها داسەپاندنی فەرهەنگ و پەیوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەسەر چینی ژێر دەستدا . ئەم پێناسەیە تا ئێستاش ڕاستە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی بۆرژوازی و پێش تریش بۆ کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی ، هەروەها ناوەڕۆک و بەرگی سیاسی سیستەمە چینایەتییەکانی دەرخستووە . ئەو دەسەڵاتانە و دەوڵەتەکانیان لە پێناوی پارێزگاری کردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چینی باڵا دەستدا کاری کردووە . ئەم دەوڵەتانە هەر بەرگ و ڕەنگێکی ئاڵ و والای هەبێت هیچ نەبووە بێجگە لە دەوڵەتی چینە دەست ڕۆشتووەکانی ئێستای سەرمایەداریی ، دەوڵەتی لیبراڵی و دیموکراسی و مۆدێلی سۆشیال–دیموکراتی و ئەوروپایی و ڕۆژئاوایی و هەروەها دەسەڵاتی سەربازی و جەنەڕاڵی و مەزهەبییەکان، هەر هەموویان دەوڵەتی سەرمایەداران و چینە چەوسێنەرەکانن. دەوڵەتەکان ناتوانن خەسڵەتی چینایەتیان لێ جیا بکرێتەوە ، چونکە دەوڵەت و چینەکان دوو ڕووی یەک پەیوەندی دەسەڵاتی چینەکانن .

لە دەوڵەتی سەرمایەداران و بۆرژوازیدا ، سەرمایەداران لە هەموو ئیمکاناتێکی ناو کۆمەڵ بەهرەمەندن ، هەروەها هەموو بەدەست هاتووەکانی ناو کۆمەڵ لە پێناو بەرژەوەندی و خۆشیەکانی ئەواندایە . هەموو هۆیەکانی بەرهەم هێنان و خزمەت گوزاری بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن و زیاتر باڵادەستییان بەسەر چینی بەرهەم هێنی کۆمەڵدا پێ ڕادەگرن . هەر لە مانگە دەست کردەکان و ئینتەرنێت و تەلەفون و تەلەفیزۆن و هەموو ئەو هۆیانەی تر کە دەبنە هۆیەک بۆ سیخوڕی و لەلایەکی ترەوە دەبنە دەزگاو ناوەندی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنەکانیان لەسەر ماناو ڕازاندنەوەی دەسەڵاتیان دروست دەکەن .

لەسەردەمێکی لەمەو پێشەوە کە هێڵی ئاسنی دامەزرا ، بۆ ئەوە بەکاریان دەهێنا کە بتوانن هێزی بازرگانی و زۆرجار سەربازی خۆیان بە هەموو ناوچەکانی تری دەوروپشت و دنیا بگەیەنن . بێجگە لەوەی کە ئێستا بووەتە بەشێک لە هۆیەکانی گواستنەوە و سەرچاوەیەکی تری داهاتی هەندێک لە وڵاتانی دنیایە . بەڵام هۆیەکانی و بەکارهێنانەکانیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت و شوێنەکانیشیان بە پێی دامەزراوەکان و پێشکەوتنەکانیان دەگۆڕێت . ئێستا ئەو پێگەشتنانەی کە ئینسان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە پێی گەشتوون ، زۆر ترینیان لە چوار چێوەی هەواڵ گری و تەلەفۆن و بڵاوکردنەوە و زۆر لایەنی تردا بەکاردەهێنرێت . ئێستاش بووەتە هۆیەک کە چاودێری گفتوگۆی دوو کەسی یان پێدەکرێت و هەر ووتە و بێژانێک دەبێتە

**هۆیەک بۆ چاودێری کردنی خێزان و هەڵسوکەوتی پێ دەکرێت . دەوڵەت لەم مانایە زیاتر هیچی ترناگەیەنێت .**

**دەربڕینی جمهوری دیموکراتیک لە ئێستادا بە هەموو مانایەک خەسڵەتی بە پێوەری شۆڕشگێڕی خۆی لەدەست داوە . چونکە سەردەمی گۆڕانی سەرمایەداری لە ئێستادا بە جۆرێک گۆڕانی کردووە . ئیتر پێویست ناکات جارێکی تر بە کاری بهێنین ، بۆ ئەوەی بتوانێت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنێت . یان وا ڕابگەیەنرێت کۆمەڵی ئێستا ، بە کۆمەڵی سەرمایەداریدا تێپەڕبکرێت ، ئەو بەکارهێنانە ناتوانێت لە بەهای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کەم بکاتەوە . چونکە ئێستا سەرمایە دارێتی بە کامڵی و نا کامڵی خۆیەوە ، پێکهاتەیەکی هەیە و ئەو خەسڵەتە دەنوێنێت ، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا تاقە وەڵامە بەم سیستەمە. ئەو بەیان کردنەی لەوەو پێشەوە لەسەر جمهوری دیموکراتیک دەکراو پێش مەرجی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بە کار دەهات . ئێستا سیستەمی سەرمایەداری ئەو سەردەمەی تێپەڕاندووە کە جمهوری دیموکراتیک ئەرک و مەهامی شۆڕشی پرۆلیتاریایە ، یان بۆ زیاتر دامەزراندنی پیشەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا بەکاربهێنرێت . بێ گومان ئەم هەوڵە لە ئێستادا هیچ نییە بێجگە لە کاوێژکردنەوەی دەسەڵات و سیستەمی بۆرژوازی نەبێت . چونکە خەسڵەتی بە سەرمایەداری کردنی هەموو جیهان بووەتە ڕاستییەکی بەڵگە نەویست.**

**پلەی دواکەوتوویی وڵاتانی سەرمایەداری و پێش کەوتنی سەرەتایی و دەوڵەتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری ، هەموویان داکۆکی لەسەر ڕاستی دروست بوونی سەرمایەداری دەکەن . ئیتر ئێمە بە دوای خەسڵەتی(جمهوری دیموکراتیک)ەوە نابین و ناشتوانین بە زۆرو بە دەست کردی خۆمان ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ واقعی عەینیدا بە دروست ڕابگەیەنین . بەم پێیە خەسڵەتی دامەزراوەکان لەگەڵ واقعی عەینیدا ناتوانێت لە هەموو بارەکاندا گونجاو بێت ، لەبەر ئەوەی خەسڵەتی جمهوری دیموکراتیک ، بەشێک لە دامەزراوی بۆرژوازی پێک دەهێنێت . هەروەها ناتوانرێت لەو سیستەمەدا بە شیاوی لەقەڵەم بدەین ، بەڵکو هەر کارێک لەو جۆرە و دووبارە کردنەوەی خەسڵەتی هەمان سیستەم و نکۆڵی کردن لە پێشووتری ، دەستەواژەیەکی نادروست لە پراکتیکێکی ناواقعی دا دەدات بەدەستەوە .**

**دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە ، لە پێناوی گوێزانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سیستەمی سۆسیالیزمی زانستی . دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا نە سۆسیالیزم دەبێت و نە خەسڵەتی بوونی چینایەتی لەدەست دەدات . بەڵکو بۆ ئەوە کاردەکات کە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک لەبەین بەرێت و هەروەها بۆ لە ناوبردنی جیاوازی کۆمەڵایەتی و جنسی و نەتەوایەتی و ئابووری لە کاردا دەبێت . هەروەها دەسەڵاتێکە بۆ لەناوبردنی هەموو چینەکان بە پرۆلیتاریا خۆشییەوە ، چونکە مێژوویەک پێکدەهێنێت کە مێژووی ئاڵوگۆڕە بۆ سیستەمێکی تری کۆمەڵایەتی ، کەس خاوەنی هیچ شتێک نییە, هەروەها**

خاوەنی هەموو شتێکیشە. واتە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ناتوانێت دەسەڵاتی هەتا سەری پرۆلیتاریا بێت ، یان بۆ ئەوە دروست بێت کە دەسەڵاتی خۆی بۆ هەتا هەتایە توند و تۆڵ رابگرێت و دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی نەبێت . بێ گومان پێویستی ئەو دەسەڵاتە ئەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو بارە نا هەمووارەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سەرکوتکەری سەرمایەداری لەوانەیە لە شۆڕشدا ئەم دەسەڵاتەی سەرمایەداری سەد دەر سەد لەناو نەبرێت، بۆیە پێویستی یەک ساتی مێژوویی ئاڵوگۆڕ پێکردنی سیستەمی سەرمایە دارییە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم . بەم پێیە پێکهێنانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتارییا لە پێویستی یەکی مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت, بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتی خۆشی لەناو بەرێت. واتە پێکهاتەی چینایەتی چینەکان لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتارییادا بە تەواوی هەڵئەوەشێننەوە .

لێرەوە دەچمە سەر ئەو پلاکارتە نا دروست و نا واقعییەی ح.ک.ا و ح.ک.ک.ا و عێراق . یەکەمین جار لە (حکومەتی کارگەری)یەوە دەست پێدەکەم ، چونکە خەسڵەتی ئەم حکومەتەی ئەوان هیچ خەسڵەتێکی گوێزەرەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزمی زانستی پێوە نیە . بێجگە لەو خەسڵەتە نەبێت کە چوار چێوەی دەسەڵاتێک بێت بۆ پرۆلیتاریا و هیچی تر . ئەویش بە ناوی پرۆلیتاریاوە بەیان دەکرێت ، ئەگینا تێپەڕ ناکات لەو دەسەڵاتەی کە دەبێتە خەسڵەت و دەسەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی . واتە هیچ بۆچوون و تێڕوانینێکی وای پێوە دیار نییە کە خەسڵەتی دەسەڵاتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بێت ، بەڵکو ئاڵوگۆڕ پێکردنی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە بە دەسەڵاتێکی ترو بە ناوی پرۆلیاتاریاوە گوزارشتی لێدەکرێت. لە پەرەگرافێکی لێکدانەوەی ئەو شیعرەدا دەڵێت (حکومەتی کارگەری یانی پاش دیموکراسی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان وە چەوساوەکان و سەرکوت بۆ چەوسێنەران ، حکومەتی کارگەری یانی ئەو دەسەڵاتەی کە زامنی ڕاستەقینەی بەرێوەچوونی ئازادی و بەرابەرییە . مەنصوری حیکمەت، گۆڤاری پێشڕەو/ئۆرگانی کۆمەڵە ل13/. ژمارە (11)بەفرانباری 1363، . (ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری) لەم پەرەگرافەدا ئەوە دەردەکەوێت کە خەسڵەتی ناو ئەم شیعارە و لێکدانەوەکان بۆ حکومەتی کارگەری ، ناتوانێت دەربڕینەکانی ناو پێکهاتەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بێت خەسڵەتی حکومەت, خەسڵەتێکی جیاوازی وەرگرتووە لەچاو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا. چونکە ئەم خەسڵەتە تەنها بووەتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات بۆ چینێکی تر بگوێزرێتەوە ، ئەویش ئاشکرا نییە, کە گوێزانەوەکە بۆ چینی بەرامبەرە یان نا . واتە هەتا ئێستا ناتوانرێت لەو شیعارە و لێکدانەوەکانیدا خەسڵەتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ببینرێتەوە. چونکەدیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا خەسڵەتێکی جیاوازی لەو لێکدانەوە و تێڕوانینە وەرگرتووە کە لە شیعاری (ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری) هەیە ، لە لێکدانەوە و بەرنامە و فەلسەفەی کۆمۆنیزمی زانستی دا. خەسڵەتی ئاڵوگۆڕی سیستەمێکە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی بەڵام لە لێکدانەوەی ئەو شیعارەدا ، هیچ بڕواهێنانێک لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕییەی تیایدا بەرجەستە نابێت ، یان نەیتوانیوە بۆ چوونی لەسەر لەناو چوونی چینی کرێکار و بۆرژووازی و سەرمایەداران بەیان بکات . لەبەر ئەوەی خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەت

خەسڵەتێکی چەوسێنەرانەی چینێکە بۆ دەسەڵات و بەڕێوە بردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی چینایەتی چینێک.

حکوومەتی کارگەری لەم شیعارەی ئەواندا ، دەربڕی دەوڵەتە . بەڵام ناتوانێت دەربڕی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بێت . ئەوان سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە حکومەتەکەی خۆیاندا دەبیننەوە ، لەبەر ئەوەی بڕوایان بەوەیە کە حکومەتەکەیان زامنی ڕاستەقینەی بەڕێوەچوونی ئازادی و بەرابەرییە . بە پێچەوانەوە حکومەت و دەوڵەت خەسڵەتی چینایەتییە و چینێک سەردەستە و ئەوی تریان چەوساوە و ژێر دەستە ، لەو جۆرە دەسەڵاتانەدا بە دەسەڵاتی کرێکارانیشەوە ، ئازادی و بەرابەری ، مانا وەرناگرێت . واتە بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دەبێت دەسەڵاتێک بێت بۆ ئاڵوگۆڕی چینایەتی بەسەر پەیوەندییە ئابووری و چینایەتیەکاندا . لە پێناو نەهێشتنی چینەکان . واتە <u>ئازادی پەیوەندییەکی جیای سەردەمێکی جیایە و هەروەها بەرابەریش بەهەمان شێوە ناچێتە خانەی پەیوەندی و دەسەڵاتی چینایەتیەوە.</u>

ئەو تێکەوڵێکانەی کە دەکرێت لە شیکردنەوەی ئەو شیعارەی خۆیاندا ، تەنها بۆ ئەوە بەکاریدەهێنن ، بتوانن ناوەڕۆکی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بخزێنە ناو چوار چێوە و دەسەڵاتی حکومەتێکی قەتیس ماوی پەیوەندییەکی چینایەتییەوە .

تەنها لە حکومەتی ئەوان و بۆرژووازیدا بەیانی ئازادی و بەرابەری دەکرێت هەروەها لە ڕابردوودا . شیعاری (ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی)بۆرژووازی فەرەنسی هەڵیان گرتبوو ، لە شۆڕشی بۆرژووازی خۆیاندا. لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا دەسەڵات بەدەست پرۆلیتاریاوەیە ، بەڵام دەسەڵاتی لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی چینەکاندا نییە ،بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دەسەڵاتی <u>لە پێناوی گوێزانەوەی کۆمەڵگای چینایەتییە بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بێ چین تیایدا ئینسان ئازادی یەکسانی لە ژیانی خۆیدا پرۆسیس دەکات .</u>

کاتێک کە حکومەت دەسەڵاتی دیموکراسی بێت یا نەبێت ، هەروەک لە ڕوون کردنەوەی شیعارەکەدا ووتراوە . بەم پێیە خەسڵەتی ئازادی و بەرابەری ناتوانێت خەسڵەتێکی چینایەتی بێت . چونکە دیموکراسی پەیوەندی چینایەتی دەست نیشانی دەکات . بەڵام ئازادی و بەرابەری هیچ پەیوەندییەکی چینایەتی ناتوانێت زامنی بکات لە چوار چێوەی دەسەڵات و پەیوەندییەکانیدا ، کەواتە لەلای مەنصوری حیکمەت و حیزبەکانی هەڵگری ئەو شیعارە ، دیموکراسی و ئازادی و بەرابەری یەکسان و هاوتایە . تەنها خۆش باوەڕکردنی دەووروپشتیانە بە حکومەتی وورده بۆرژوازی خۆیان .ئەو لێکدانەوانە تەنها لە سیاسەتێکی دیماگۆجیانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو ئەو ڕێکخراو و لایەن و کەسانەی کە هەڵگری ئەو لێکدانەوە و تێڕوانینانە دەیانەوێت بەهای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بگۆڕن بۆ بەهایەکی تر و ، هێشتنەوەی ئەو دەسەڵاتە بە کارێک و هەڵوێستێکی بەڵگە نەویست بەهەند بگرن . بڕواو بۆچوونی ناو شیعارەکەیان ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی کارگەری واتای سۆسیالیزم و

کۆمۆنیزم دەگەیەنێت و ئازادی و یەکسانیش لەدەسەلاٌتی ئەو حکومەتەدا قۆرغ دەکات . گومان لەوەدا نییە کە دەسەلاٌتی چینێک پابەندە بە بوونی چینی بەرامبەریەوە . واتە ئەگەر دوو چین و دوو بەرژەوەندی و پایەی ئابووری جیاواز هەبوو ، ئازادی و یەکسانی مانای پەیوەندی هاویەکی خۆی لەدەست دەدات . هەروەها خەسڵەتێکی تر لە پەیوەندی کۆمەلاٌیەتی و ئابووری و سیاسی دروست دەبێت .

دروست بوونی پێکهاتەی پەیوەندی سیاسی لە پەیوەندی کۆمەلاٌیەتیدا ، گەواهی دەسەلاٌتی چینایەتی دەبێت . دەسەلاٌتی ئەو پەیوەندییە لە پەیوەندییەکی دیموکراسییانەدا پرۆسیسی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات ، واتە دیموکراسی بالاٌ دەستی چینایەتیە . بەلاٌم ڕاستی ئەم بۆچوونە لەلای ئەوان بە پێچەوانەوەیە ، لە لێکدانەوەکانیاندا دەڵێن (بە شێوەی عەینی و لەڕاستیدا ئەو ئیمکانە هەیە کە خەبات و ئیعترازەکانی ئێستا ببن بە بزووتنەوەیەکی هەرە گەورە بۆ وەدی هێنانی دیموکراسی شۆڕشگێڕ . ئەو دەسەلاٌتە دیموکراتیک شۆڕشگێڕانەیە کە باری بوحرانی ئابووری نیزامی ئێستا بەسەر بۆرژووازیدا دەڕوخێنێ و وەها دیموکراسییەکی پان و بەرین دادەمەزرێنێ کە هەنگاو هەڵگرتنی دوای بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندی حکومەتی کارگەری چەند لانە ئاسانتر دەکاتەوە. /مەنصوری حیکەت – پێشڕەو/ ژمارە (11) – ل15 ،بەفرانباری 1363 / شیعاری "ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری") .

لەم پەرەگرافەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە و دەردەکەوێت کە حکومەتەکەی ئەمان، دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا نییە ، هەروەها بڕواشیان نییە بەوەی کە ئەو دیکتاتۆریەتە ، ناوکۆکەی پەیوەندیەکی دیموکراسی بێت . بەلاٌم ئەوان دیموکراسی و دەسەلاٌتی دیموکراسی پڕۆلیتاریا لە جمهوری دیموکراتیکی شۆڕش گێڕدا دەبیننەوە . جارێکی تر دەیانەوێت ئەوە دووپات و سێ پاتی بکەنەوە کە ئازادی و یەکسانی ناوەڕۆکی سیستەمی حکومەتی کرێکاری ئەوانە . لە ڕێگەی جمهوری دیموکراتیکی و بەیان کردنی دەسەلاٌتی ئەو جمهورییە لە پێش حکومەتی کرێکارییەکەیاندا, دەیانەوێت ئەو دەسەلاٌتە دیموکراسییە لە دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا دەربکێشن و بیکەنە بەڵگەی ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئەو دەسەلاٌتە هەڵگری سیمای ئازادی و یەکسانییە. هەروەها جمهوری دیموکراتیک دەخەنە پێش دەسەلاٌتی پڕۆلیتاریاوە و بەبەشێک لە شۆڕش و پێش هاتەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و دیکتاتۆریەتی پڕۆلیاتاریای دەزانن. بێ گومان ئەو تێڕوانینە هەڵئینجاوی بڕوا و بۆچوونەکانی ووردەبۆرژووای ڕۆژهەلاٌتە. ئەوان ئەگەر ئەوە بە بەڵگە بزانن کە گوایە کاتی نوسینی بەحسەکەیان دەسەلاٌت و پێکهاتەی سەرمایەداری لە ئێراندا وەک ئێستا نەبووە ، من ناڵێم دەقا و دەق ئێستای ئێران وەک سبەینێی وا دەبێت و وەک دوێنێی بووە، بەلاٌم هیچ گۆڕانێکی وا گەورە و گرانی بەسەردا نەهاتووە . تا لەو کاتەدا جمهوری دیموکراتیک تاقە دەسەلاٌتی شۆڕشگێڕی ئەو ساتە و ئەڵتەرناتیڤی گونجاوی ئەو سیستەمە بووبێت.

کاتی نووسینی ئەو بابەتەی ئەوان، سیستەمی سەرمایەداری ئێران ، یەک واقعیەت پیشان دەدەن کە ئەو کاتەش ئێران سیستەمێکی سەرمایەدارییانەی بەڕێوەبردووە.

بۆیە هەر بەکارهێنانێک و دەربڕینێکی لەو بابەتەی کە جمهوری دیموکراتیک مەرحەلە و ئەلتەرناتیڤی ئەو کاتە بووە و لە پێش دەمەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دایە .بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بزانرێت .هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەشی کردنەوەیەکی بۆرژوازیانە نەبێت لە مەڕ حکومەتە کرێکارییەکەیان. هیچ داهێنان و اجتهادێک نەکراوە . گومان لەوەدا نییە کە داهێنان و گۆڕانی تازەش ڕوو دەدات لەسەر ئاستی نیزامی سەرمایەداری . بەڵام ناتوانێت ئێمە لە خۆمانەوە و ئەقڵ خوازانە یاری بە دەستەواژە و سەردەمەکانەوە بکەین . هێشتا ناتوانرێت هەموو ئەو داهێنانانە لە گرنگی و دەست بەجێی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کەم بکەینەوە و، هەروەها ناشتوانرێت سەردەمێکی تر دروست بکرێت و لە پێش دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا دابنرێت . هەروەها لە چ کاتێکدا پەیوەندی کارو سەرمایە گۆڕانی بەسەردا هات و ئەو ناوەڕۆکەی لە پەیوەندی خۆیدا هەڵوەشانەوە ، ئەوا ئەتوانرێت بڕیار لەسەر جۆرو پێک هاتی تازە بدرێت . هەموو ئەو بەکارهێنانانە لە پێناوی ئەوەدایە کە دیموکراسی لە گیان و پەیوەندی حکومەتی کرێکارییەکەیاندا دەربکێشن و ڕۆحیەتی ئازادی و یەکسانی بکەن بەبەردا . ئازادی و یەکسانی لە حکومەتی کرێکاری ئەواندا یانی پێکەوە ژیانی سەرمایەداران و کرێکاران.

لەلایەکی ترەوە شۆڕشی سۆسیالیستی بارێکی گۆڕانکارییە لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسییەکاندا . بەم پێیە شۆڕشی سۆسیالیستی بارێکی تری گۆڕان و لەناوچوونی  سەرجەمی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداریە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی سۆسیالیزمی زانستی دەوترێت . بەڵام شۆڕشی سۆسیالیستی لەلای ئەوان بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بێت کە لەسەر شیعارەکە کراوە ، تەنها دامەزراندنی حکومەتی کرێکارییە بۆیان . لە پراکتیک و تیۆری ئێمەدا ئەم دامەزراندنە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دامەزراندنانەی ئەواندا .

چونکە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا پرۆسیس کردنی دەسەڵاتی دیموکراسیانەی پرۆلیتاریایە، هەروەها لە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی دادەمەزرێنێت ، بەلەناوبردنی سەرجەمی دەسەڵاتی چینایەتی بەدەسەڵاتی خۆشیەوە . هەروەها ئەداتێکی گرنگ و پێش مەرجی دامەزراندنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە .

بەڵام لەلای ئەوان دەربڕینی تر دەکرێت بۆ حکومەتی کرێکاری هەروەکو مەنصوری حیکمەت لە شیعاری(ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری)دەڵێت(وەها دیموکراسییەکی پان و بەرین دادەمەزرێنێ کە هەنگاو و هەڵگرتنی دوای بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندنی حکومەتی کارگەری چەند لانە ئاسانتر دەکاتەوە . /هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل15)بەم دەربڕینەی سەرەوە بێت حکومەتی کارگەری سۆسیالیزمە و سۆسیالیزمیش حکومەتی کارگەری

ئەوانە . بێگومان ئێستا هەروەک مارکس و ئەنگلس و لینین لەگەڵ ناوی حکومەت و دەوڵەت نیم ، بەڵکو هەروەکو ئەوان ڕابەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیزمی زانستی دەڵێن (کۆمۆن) یان دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ناوێکی شیاو ترە بۆ ئەو جۆرەی دەسەڵاتی کرێکاران ، چونکە جیاوازی و پەیوەندییەکی تری لەگەڵ کرێکاراندا هەیە. کە توانای دیموکراسی و دەسەڵاتی دیموکراسیانەی تیادا بەرجەستەو پڕ مانا دەبێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری دیموکراسی بۆ ئەوە بەکاردەهێنن کە حکومەتی کرێکارییان دابمەزرێنن . ئەو دەربڕینەی ئەوان چەندە بێناوەڕۆک و خەسڵەتێکی بۆرژوازیانەی هەیە. ئەو ئازادی و یەکسانییەی کە بۆرژوازی بەیانی دەکات ، ئەمانە لە حکومەتەکەی خۆیاندا بەرجەستەو بەیانی دەکەن. بێجگە لەوەی کە دەیانەوێت ناوەڕۆکی دەسەلات و ناوەندی دیموکراسی و پەیوەندی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بەسەردەمێکی مێژووییەوە ، بگۆڕن بۆ دەربڕین و تێڕوانینێکی تر، بە ڕوون و ئاشکرایی بەیانی پەیوەندییەکی ناجۆر و لێکنەچوو دەکات و دەیکاتە چوار چێوەی پەرەنسیبەکانی حکومەتی کرێکاری . تێکە و لێکەیەک دروست بووە کە خۆشیان نازانن ، ئایا حکومەتی کرێکارییەکەیان شۆڕشی سۆسیالیستی دەبێت ، یان شۆڕشی سۆسیالیستی حکومەتی کرێکاری دەبێت . گومان لەوەدا نییە ئەم دەربڕینانەی ئەوان تەنها بۆ ئەوەیە کە ناوەڕۆک و پەرەنسیبی شۆڕشی سۆسیالیستی و ئەرکەکانی ئەو شۆڕشە و ئامانجەکانی کۆتای ئەو شۆڕشە بشێوێنرێت و جیاوازی نەکرێت لە نێوان دوو جۆر دەسەڵاتی جیاواز و پێچەوانەی یەکتری . بۆ ئەوەی کرێکاران و بۆرژوازی وەک برا بژین . شۆڕشی سۆسیالیستی و کۆتایی و و ئامانجی ئەو شۆڕشە بە دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری کۆتای پێدەهێنن .

بێ گومان لەلای ئێمە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالیستی زانستی پێک دەهێنێت و دەتوانێت ئاوات و ئامانجی ئەو شۆڕشە بەدواهەوارگەی خۆی بگەیەنێت . هەروەها لە لای ئێمە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا پێویستی زامنی دامەزراندنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی دەکات . لەبەر ئەوە دواکەوتن لە پێک هێنان و دامەزراندنی ، دواکەوتنە لە پێکهێنان و دامەزراندنی سۆسیالیزم . چونکە بنەکەیەکە بۆ گوێزانەوەی سیستەمی چینەکان بۆ سیستەمی بێ چین . بەڵام لە لای ئەوان جمهوری دیموکراتیک دەکەنە بنەڕەتی دامەزراندنی سۆسیالیزمەکەیان ، بێ گومان ئەو شۆسیالیزمەی ئەوان سۆسیالیزمی خەیاڵی وردە بۆژوازییە.

ئەم بۆچوونە ئەوان و بە پێی لێکدانەوەکانیان، وا بەیانی دەکەن حکومەتی کارگەرییەکەیان جیاوازە لە بارێکی دیموکراتیک بوونی شۆڕش و پەلاماردانەکانی پرۆلیتاریا و لە هەوڵێکی پرۆلیتاریادا بۆ تێک و پێک شکاندنی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی سەرمایەداری. لە نووسینەکەیاندا وا دەردەکەوێت کەدیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ، بارێک و پەیوەندییەکی جیاوازە لە پەیوەندییە دیموکراتیکەکانی پرۆلیتاریا. بەم پێیە دەبێت حکومەتی کرێکارییەکەیان ، حکومەتی چینەکان نەبێت ، بۆیە دیموکراسییەت دەخەنە سەردەمی پێش دروست بوونی حکومەتی کارگەرییەکەیانەوە. ناوەڕۆک و دەسەڵاتی دیموکراسی دەکەوێتە سەر پەیوەندی و

ناوەڕۆکی حکومەت و دەسەڵات ، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر حکومەتە و دەسەڵاتێک پەیڕەوی دیموکراسییەتێک دەکات ، دەتوانرێت لە ڕێگەی جۆری دیموکراسییەکەیەوە ناوەڕۆکی حکومەت و جۆری دەسەڵاتەکەشی دەست نیشان بکرێت . گومان لەوەدا نییە کە سۆسیالیزم دەسەڵاتی چینەکان نییە ، بەڵکو چینەکان لەو سەردەمەدا نامێنن بۆیە دەسەڵات و بەهای دیموکراسی و پەیوەندییەکانی ئەو دەسەڵاتە ، دەبێتە توحفە و لە شووشەدا هەڵدەگیرێت ، بەکارهێنانی ماناو واتای ئەو پەیوەندییە نابەخشێت . واتە ئەو سەردەمە خۆی ڕێگا بەوە نادات یان دەبێتە پەیوەندییەکی ناوازە و لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان ئینسان و سروشتدا ببێتە پەیڕەوی پەیوەندییە ئینسانیەکان ئازادی بەیانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی پەیوەندییەکانی ئینسانە، لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیستەمەکەیدا یەکسانی و ئازادی دەبێتە واتاو مانای پەیوەندی ڕەهای ئینسانەکان.

لەلایەکی ترەوە لە هەمان سەرچاوەدا مەنصوری حیکمەت و بەیان نامەکانی حیزبیان لەسەردەمی خۆیدا و لە ئێستای هەردوو ح.ک.ک.ا و عێراق . دەڵێن (دیموکراسییەکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ کە وێڕای وەڵام دانەوەی سەرەکیترین پێداویستییەکانی جەماوەری بەرینی زۆر لێکراو و چەوساوە ، لە بارترین هەل و مەرجیش بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینایەتی مەزنی کرێکاران بۆ بەدەست هێنانی یەکجاری دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنێ ، ئێمە لە ژێر تیشکی شیعاری "ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری"دا بۆ پێک هێنانی وەها هەل و مەرجێک و بۆ دامەزراندنی وەها دەسەڵاتێکی دیموکراتیک ئینقلابیش لە کۆمەڵدا خەبات دەکەین . –هەمان سەرچاوەی پێشوو ل15) ئەم پەرەگرافە لێک نەچوون و جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەپێی مێژوو لێکدانەوە مادییەکانی مێژوو و یاسای مادییەتی دیالێکتێکی نەفی نەفی لە پێش دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا ، شۆڕش ، بەیەکێک لە هۆیەکانی تووند و تیژی بە ئەنجام دەگات و لە بەرامبەر دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداریدا پرۆسیس دەکرێت . هەروەها لە هەمان دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا بۆ دامەزراندنی پێویست بەو توند و تیژییە دەکات . بەم پێیە توند و تیژی شۆڕشگێرانە دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریا پێکدەهێنێت و پارێزگاری لەو دەسەڵاتە دەکات و هەڵوێستی گۆڕانی دەسەڵاتی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم بەجەستە دەکات . ئینجلس دەڵێت (توند وتیژی دەوری دەبێت لە مێژوودا یەک دەوری تر ، ئەویش دەوری شۆڕش گێڕییە بە پێی دەربڕینی مارکس . هەروەها شیاوە بۆ کۆمەڵگای کۆن .کە لە ناویدا کۆمەڵگایەکی تازە نەشوونما دەکات .واتە توند و تیژی بریتیە لەو ئەداتەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگاکانی کەرت و پەرت دەکات و بە هۆیەوە شێوە سیاسییە مردوو و بە بەرد بووەکانی تێک و پێک دەشکێنێت .چد دوهرنج/ دار التقدم ،ل215) واتە ئەم دەورە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا پێک بێت، چونکە دەسەڵاتی سەرمایەداران تێکدەشکێنێت و دەسەڵاتی کرێکاران دادەمەزرێنێت . کەواتە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بەرهەم و زادەی شۆڕشی کرێکارانە . یەکێک لە پێویستییەکانی شۆڕشیش بەرجەستە بوونی ڕێکخستن و ڕێکخراوی چینی کرێکارە بە دەوری ئامانج و ئاواتی مێژوویی خۆیدا .شیعاریش دەربڕینی ستراتیژی شۆڕش و ڕێکخراوی کرێکارانە . واتە شیعار کاتێک پێچەوانە بوو ئەوا سیاسەت و ستراتیژی حیزبیش

پێچەوانە دەبێت واتە شیعار و ستراتیژی حیزب ڕاستەوانە دەگۆڕێت . هەندێک جار ئەبێت کە شیعار و ستراتیژی ژێر بە ژێری حیزبەکان پێچەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ ستراتیژی گشتیدا .

توند و تیژی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەدیسپلین بێت . ئاڕاستە کردنی دژی سەرمایەداران ئاڕاستەی بە ئامانج بێت . کەواتە توند و تیژی دەبێت چ سەردەم و مەرحەلەیەک بێت ، تا دیموکراسی شۆڕشگێڕانە بێت .لێرەدا تێکەڵ و پێکەڵیەک لە ستراتیژی ئەم شیعارەدا دەبینرێت. توند و تیژی شۆڕش گێڕانە پەیوەندی بە جمهوری دیموکراتیکەوە نییە. بەڵکو ناوکی پرۆسیس کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە ، لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرمایەداراندا . هەموو ئەو لێکدانەوانەی ئەوان کە کردوویانە بۆ داسەپاندنی ئەوەیە کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئازادی و بەرابەری تێدایە . ئەوان دەڵێن دیموکراسیەکی شۆڕشگێڕانە لەبەر خاتری ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی پێک بهێنێت . چەند پات کردنەوەی ئەوەی کە دەسەڵاتە سیاسیەکان ، ناوەندی دەسەڵاتی دیموکراسیانەی چینی باڵا دەست دەبێت .بێ گومان لە دەسەڵاتی سەرمایەداراندا ، دیموکراسی تەنیا چوار چێوەیەکی سنووردار دەگرێتەوە و بەدەست چینی سەرمایەدارانەوەیە . هەروەها بۆ پرۆلیتاریاش ، پەیوەستە بە چینی کرێکارەوە ئەو چینە پان و بەرینە لە جووڵەیەکی دیموکراسیانەدا پرۆسیسی دەسەڵاتی خۆی دەکات و ئەرکە مێژووییەکەی جێ بە جێ دەکات. لە بەرامبەر هەموو نەیارو دووژمنەکانی دا چ لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە بن چ لە ناوەوە و ، توند و تیژترین دەسەڵات و هێز لەدژیان بەکاردەهێنێت . واتە دەبێت لە پێش دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و شۆڕشدا چ سەردەمێکی تر هەبێت تا ببێتە هۆی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا . ئەوە زیادکردنی مەرحەلەیەکە لەبەردەم دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا، هەروەکو منصوری حیکمەت لەو شیعارەدا باسی لێوە کردووە .

بێگومان لەلای ئێمە هیچ جۆرە لێکدانەوە و مەرحەلەبەندییەکی لەو جۆرە بە شیاوو زیندوو نابینین . چونکە ساتەوەختەکانی پێش سەدەی هەژدە و نۆزدەی ڕابردووی هەندێک وڵاتانی ڕۆژهەڵات نییە . هەروەها هەرچی بەکارهێنان و لێکۆڵینەوەیەک بۆ پێش دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بکرێت ، بێجگە لەو شۆڕشەی کە هەموو سەرتاپای پەلاماردان و لەناوبردنی سەرمایەداران ، هەر هەمووی دەبێتە دەربڕینی جیاواز و لێکدانەوەی مێژوو بە پێچەوانەو دوور لە هەموو گۆڕانە دیالیکتیکی و مادییەکانی کۆمەڵ و مێژووە . دووریشە لە لێکدانەوە تیۆری وفەلسەفییەکانی مارکسیزم و تیۆری لێکدانەوەیەکی تری بەباڵادا دەبڕێت . بێ گومان هەڵئینجاوی میتافیزیک و سۆسیالیزمی بۆرژووازییە . ئەو لێکدانەوانەی شیعاری(ئازادی،بەرابەری،حکومەتی کارگەری)بۆ سەلماندنی مەرحەلەیەک لە پێش دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ، گوایە ئەو مەرحەلەیە دەتوانێت حکومەتی کارگەری دامەزرێنێت و خەسڵەتی ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگا بێت. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بە سۆسیالیزم بەیان بکات . شێواندنێک بخاتە ناو زاراوەی سۆسیالیزمی زانستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیاتاریاوە . بۆیە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە ئەوە بسەلمێنێت کە دەڵێت

(کرێکارانی کۆمۆنیست ئامادەن تا لەسەر ئەساسی پلاتفۆرمێکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیک ، یانی بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ،(سەردەمی نووسینی ئەو مەقالەیە و ئێستاشی لەگەڵ بێت) لە ڕیزی پێشەوە و بە بەشداری هەموو توێژە زۆر لێکراو و چەوساوەکان و هەروەها هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە خوازیاری ئەوەن ئاڵوگۆڕێکی قوڵی دیموکراتیک لە کۆمەڵگای ئێستادا پێک بێ "جمهورییەکی دیموکراتیکی ئینقلابی" پێک بێنن. / هەمان سەرچاوە ،ل15) بە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت ئەم نووسەرە دەیەوێت ئەو تێڕوانینە وورده بۆرژوازییانە بەیان بکات کە مەهام و ئاواتەکانی پرۆلیتاریا نیە .

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا داواکاری کرێکارانی کۆمۆنیستە . کرێکاران لە حیزبی خۆیاندا شیعاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبێتە پێکهێنەری بەرنامەی لانی کەمی داخوازییەکان ، چونکە ڕیشەی داخوازی سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستییە . بەرنامەی لانی کەمی داخوازییەکانی پرۆلیتاریا ، هۆیەکە بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژی مێژوویی پرۆلیتاریا.

وورده بۆرژوازی ئۆپۆرتۆنیست (جمهوری دیموکراتیک)بە بەرنامەی لانی کەم بەکاردەهێنێت . بێگومان سەرلێشێواندن و هەڵخەڵەتاندنی هاوچینەکانی خۆیان و چینی پرۆلیتاریای تیادا دەبرێت بەڕێوە . بەیان کردنی (جمهوری دیموکراتیک) لەلای ئەوان دەبێتە ڕێگایەک بۆ چوونە سەر حکومەتی کرێکارییەکەی خۆیان . بەڵام ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لەگەڵ فکری زانستی مارکسیزمدا ، هەموو بۆچوون و لێکدانەوەکانی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی وای بۆ دەچن کە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیاتاریا و سۆسیالیزم لەیەک بۆتەدان و جێگای دەخەنە ناو یەک چوار چێوەوە. بە پێچەوانەوە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ناتوانرێت وەک تاکتیک لە بەرنامەدا بە حساب بهێنرێت. بەڵکو دەبێتە بەشێکی گرنگی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبە مارکسییەکان . چونکە لە مێژوودا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەگێڕێت. هەروەها بەرنامەی لانی کەم خواستە دیموکراتیکەکانی ناو شۆڕشە ، دەست نیشانی هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی پرۆلیتارییاوە جێ بە جێ دەبێت ، واتە دەبێتە هۆیەکی گرنگی بۆ نزیک بوونەوە و پێک هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. ناوەڕۆکی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی دەبێتە بەرنامەی لانی زۆری حیزبە مارکسییەکان . بەڵام ئێمە نازانین لەلای کۆمۆنیزمی کرێکاری دیکتاتۆرییەتی پرۆلیاتاریا بەرنامەی لانی کەمە و بۆچی ؟ یان جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕی ئەوان بەرنامەی لانی کەمە و بۆچی ؟ بە بڕوای ئێمە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی هەتا هەتای دوای دەسەڵاتی سەرمایەداری نییە. بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕاگوزەرە بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری، بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. داخوازی و مافەکانی پرۆلیتاریا لەسەر مەسەلەی ئافرەتان و مەسەلەی نەتەوایەتی و.... مەسەلەی پرۆسیس کردنی دیموکراسی سیاسی و دەسەڵاتی پرۆلیتاریا تەنیا لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا جێگای دەبێتەوە و لەوێدا پرۆسەی جێبەجێ کردنی دەبێت. ئیتر لێرەوە ئامادەکارییەکی تەواوەتی بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم جێ بە جێ دەبێت . چونکە لە هیچ دەسەڵاتێکی تری چینایەتی ئەم ئەرکانە ناکەونە پرۆسەی جێ بە جێ کردنەوە . هەروەها هەموو

مەسەلە دیموکراتیکەکانی ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی چینە زەحمەت کێش و هەژارەکان و پرۆلیتاریا لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا وەڵام وەردەگرێتەوە لە سۆنگەی ئەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ، لە بەها و چوارچێوەی بەرنامەی لانی کەم دایە . بەڵام لە بۆچوونی ناو شیعاری(ئازادی ، بەرابەری،حکومەتی کارگەری)دا تێکە و لێکەیەکی گەورە دەبینرێت . چونکە لە لایەک دەبێتە ناواخنی بەرنامەی لانی زۆر و لەلایەکیش دەبێتە دەسەڵاتی سیاسی و لە لایەکی تردا ئازادی و بەرابەری تیایدا دەبینرێت . ئەمە نە داهێنانە و نە دەتوانێت ببێتە شیعاری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران و هیچ شوێنێکی تری دنیا .

مافی چارەنووسی گەلان ، تەنها لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا زامن دەکرێت. هەروەها مافی یەکسانی هەمە لایەنەی ئافرەت و پیاو هەموو مافە دیموکراتیکەکانی تری کۆمەڵگا دەبێتە قانونی دەسەڵات و بەرنامەی لانی کەمی پرۆلیتاریا. دەردەکەوێت کە هەموو بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، لە چوار چێوەی دەربڕینەکانی سەرمایەداری دەوڵەتیدا قەتیس بووە. هەروەها لە لێکدانەوەی شیعاری (ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری) دەڵێت (قانوونی کاری دیموکراتیکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەست بە جێ بەڕێوە دەبرێ . دەزگای قەزایی بۆرژوازی هەڵدەپێچرێ و لە جێگای ئەوانە دادگاکانی خەڵک بە قازی و هیئت منصقەی هەڵبژێردراوە وە جێگیر دەبن بیمەی بێکاری وهەموو چەشنە بیمەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕادەیەکی فراواندا دادەمەزرێ . بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو مافە قانوونی و سنفییەکاندا ڕادەگەیەندرێ. بیهداشت و پاک و خاوێنی ، فێرکردن و شوێنی ژیانی لەبار وەک مافی مسۆگەری هەموو دانیشتوانی وڵات ڕادەگەیەندرێ و...—هەمان سەچاوەی پێشوو،ل١٦) لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت کە ئەوان بە هیوای ئاڵوگۆڕێک نین لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی چینایەتیدا . هیچ نەبوایە قسەیەک لەسەر ئەوە دەکرا کە حکومەتەکەیان, ئاڵوگۆڕی سیستەمێک پێکدەهێنێت بۆ سیستەمی ئایندە, بەڵام هەموو ئەمانە لە دید و فەلسەفەیاندا هیچ لایەنێکیان نەگرتووە. لەبەرئەوە ی بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری بەیان دەکەن، یان دەبێت ئێمە ژیانی وەک و یەک و هاوتای یەک لە هەموو ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە بۆ پرۆلیتاریا دابین بکەین لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، ئەمەی دواییان وویستی کۆمۆنیستە زانستیەکانە, ئەوانیش تەنها چەند گۆڕانکارییەکی شکڵی ناو پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی دەکات و بیمەکان زیاد دەکەن . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەدوای گۆڕانی ڕیشەییەوە نین و نایانەوێت سیستەمی ئێستای سەرمایەداری بە تەواوی ئاسەواری نەمێنێت. هەموو ئەو بۆچوونانە دەچنەوە سەر ڕێگای ، یاسا و پرۆسەی ئەو پلانە ناوخۆییانەی دەوڵەتی ئەورووپا . چونکە ناتوانرێت ماوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دوور و درێژ یان کورت بەیان بکرێت ، بەڵکو هەموو هەوڵەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی تواناییەکان و پلانەکانی ناو دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی درێژ خایەن بێت یان کورت ماوە. واتە کارامەیی و لێزانی بەکارهێنانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە نزیکترین ماوەدا ، پرۆسیسی ئاڵوگۆڕی بۆ سیستەمێکی بێچین و توێژ بەرهەم بێت . بەم پێیە دەبێت ئێمە چەندە بە دوای ئەوەوەین کە دام

و دەزگا و هۆیەکانی بەڕێوەبردنی سیستەمی سەرمایەداری بگۆڕین ، بەهۆی شۆڕش و دەسەڵاتی پرۆلیتاریاوە، واتە گۆڕانی ڕیشەی بکەین و سەرکووتی تەواوەتی هەموو سەربزێویەکی سەرمایەداران بکرێت و هەوڵ بۆ ئەوە بدرێت کە پەیوەندی چینایەتی چینەکان و پەیوەندی ئابووری چینایەتی لەسەر بنەڕەتی کاری بەکرێ و سەرمایە لە ناو ببرێت بە دەسەڵات و پەیوەندی چینایەتی پرۆلیتاریاشەوە . مارکس لە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتادا دەڵێت (لە نێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا ، یەک مەرحەلە هەیە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگۆڕێت بە گۆڕانێکی شۆڕش گێڕانە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و گونجاو بوونی مەرحەلەی گۆڕانی سیاسی <u>نابێت یان ناکرێت (لا یمکن)</u> دەوڵەتی لێوە پێک بێت <u>بێجگە لە دیکتاتۆرییەتی شۆڕشگێڕی</u> <u>پرۆلیتاریا.</u> (تەئکیدەکان هی مارکسە) – نقد برنامج غوتا .دار التقدم . موسکو ،ل33). بەم پێیە دەبێت ئێمە مەرحەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ بەدەست هێنانی گۆڕانی بنەڕەتی لە پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا بەکاربهێنرێت . نەوەکو بە پێچەوانەوە بۆ مانەوە و پێکهێنانی جۆرێکی تری حکومەتی ووردەبۆرژوازی بەکاریان بهێنن. چونکە پراکتیکی کۆمنیستەکان لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا نابیتە پراکتیک بۆ بەدەست هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. مارکس دەڵێت, چونکە دەوڵەتی بۆرژوازییەکان هیچی ترنیە بێجگە لە سەرکوتی سەربازییانە و دروست کراو بە شێوەیەکی بیرۆکراتیانە و پارێزگاری لێ کردنی بە شێوەیەکی پۆلیسیانە و ڕازێندراوە بە شکڵ و شێوەی پەرلەمانی ناوزەند دەکرێت بە تێکەڵی ڕەگەزی دەرەبەگایەتی و لەهەمان کاتدا ژێر چەپۆکەی کاریگەرییەکانی بۆرژوازییە, دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە پێناوی گۆڕانی ڕیشەیی ئەو پەیوەندییەی کە لە ناو دەوڵەتی بۆرژوازیەکاندا هەیە . کۆمۆنیستە زانستییەکان نابێت لە هەوڵی دروستکردن و بنیاتنانی دەوڵەتدا بن لە بەرامبەر سەرمایەداراندا و تا کۆتایی پایەی پێبدەن. بەڵکو دەبێت مەرحەلەو دەورێکی ڕاگوزەر بێت بۆ گۆڕانی سەرمایەداری بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەندەی تەرحەکانی بۆ تەئکید و بەردەوامی دەوڵەت دامەزراوە، ئەوەندە لەهەوڵی لەناوبردنیدا نیە هێشتنەوەی حکومەت و دەوڵەت و دەسەڵات بووەتە بەهایەک و تیئو ریزە کراوە و بەهای ڕاگوزەری لێ دەرکێشراوە .

ئەوان بۆ گەواهی دان لەسەر تیئوورەکەیان هەزار و یەک بروبیانوو بۆ هێشتنەوە و دروست بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی دەهێننەوە. سەرتاپای شیکردنەوەکانی لەسەر (ئازادی و بەرابەری ، حکومەتی کارگەری) نووسراوە و ، دەربڕینەکانیان لە چوار چێوەی ئەو ووتەزایەدا دەسوڕێتەوە کە جمهوری دیموکراتیکی ئینقیلابی پێش مەرجی دامەزراندنی جۆری سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکارییەکەیانە. واتە هەر ئەو بەردەوامی بوونە لەسەر ئەو ووتەزایە و هەزار و یەک بەکارهێنانی تیایدا بەکاردەهێنرێت . هەموو ئەمانە ناتوانێت لە ڕاستی بەڵگەی تێکەڵ و پێکەڵ و بۆرژوازیانەی ئەو شیعارە و دەربڕینەکانی لەسەر حکومەتی کرێکاری، بەیان کردنەکانی ناو جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ هەر هەموویان دەربڕینێکی کۆن و فەلسەفەیەکی داڕزیووی ئێستایە و هەڵئینجاوی بۆچوون و لێکدانەوەکانی ووردە بۆرژوازییە . پێچەوانەی دەربڕینەکان و خواستەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە . هەروەها راستی بۆچوونەکانی ئێمە لەسەر تێزەکانی

کۆمۆنیزمی کرێکاری ، لەو پەوەرگرافە و نووسینەکەیدا دەردەکەوێت و دەڵێت (ئەو بۆرژوا– ڕیفۆرمیستانەی کە ئیدیعای "مارکسیزم"دەکەن خورتە و بۆڵەی ئەویانە کە ئەم جمهورییە ئینقلابییە، بە نیزامی شوورای چەک دار کردنی گشتی و بەو بەرنامە بەرینەوە کە هەیەتی ، هەر هەمان حکومەتی کارگەرییە بە ناوێکی ترەوە ، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم جمهورییە زۆر لە ویست و خەیاڵی "بۆرژوا دیموکراتی"ئەم جۆرە کەسانە واوەتر دەچێ. منصوری حیکمەت ل16/هەمان سەرچاوە) ئەم پەرەگرافە دەربڕی ئەو ڕاستیەن کە جمهوری دیموکراتیک بە مەرحەلەیەکی تر و بە سات و سەودایەکی تری پێش حکومەتی کرێکارییەکەیان دەزانێت . ئەوان جمهوری دیموکراتیک بە پێویستی بە دەست هێنانی سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری دەزانن . هەروەها بەلایەنێکی شۆڕشگێڕ و پێویست لەهەر سات و سەوداو مەرحەلەیەکیدا دادەنێن . ئەم تێڕوانینە دەیەوێت حکومەتی کرێکاری بباتە ناو بۆتەی سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم و یەک قاڵبیان پێ دروست بکات. چونکە ئەوەشیان پێناخۆشە کە بۆرژوا ڕیفۆرمیستەکان ڕەخنەیان لێدەگرن و دەڵێن دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ ، حکومەتی کرێکارییەکەیانە, واتە ئەوان دەیانەوێت بەهەر جۆرێکە ئەو جیاوازییە دروست بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن ئەوە بە ڕاست بەیان بکەن و شیعارەکەیان بە شیعارێکی تەواوی عەیار و شیاوی سەردەمەکەیان بزانن. بێگومان لە پێشەوە قسەی زۆرمان لەسەری کردووە ، بۆیە نامەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە. لێرەوە دەچمە سەر پەرەگرافێکی تر کە مەنصوری حیکمەت دەڵێت (حکومەتی کارگەری، حکومەتی کرێکارانە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم ، حکومەتی کارگەری حکومەتێکە بۆ زەمانەت کردنی ڕزگاری یەکجاری ، جمهوری دیموکراتیکی ئینقلابی تەنیا هەنگاوێک هەرچەندە هەنگاوێکی یەکجار گەورە بەرەو ئەو ئامانجە دەبێت. (هەمان سەرچاوە ،ل18))دەربڕینەکانی ناو ئەو پەوەگرافە جارێکی تر دووپات و سێ پات کردنەوەی هەموو ئەو بۆچوونەیە کە دژی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وئامانج و ئاوات و پراکتیکەکانی لە پێناو گۆڕانی ڕیشەیی سیستەمی سەرمایەدارییە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی . هەروەها دووپات کردنەوە و هێشتنەوەی دەوڵەتی کرێکارییانە کە پێچەوانەی بڕوا و بۆچوون و پراکتیکی کۆمۆنیستەکانە . پێچەوانەی پەرەنسیبەکانی بزوتنەوەی مێژوویی چینی کرێکارە.ئەگەر حکومەتی کرێکاری حکومەتی کرێکارانە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم ، چۆن و بە چی میکانیزمێک ، دامەزراندنی سۆسیالیزم لە حکومەتی کرێکاریدایە یان حکومەتی کارگەری گوێزەرەوەی سیستەمێکی چینایەتییە بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بێچین .هەروەها زەمانەت کردنی ڕزگاری چینی کرێکار گوێزانەوەیەتی بۆ سیستەمێک کە هیچ چینێک بوونیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان نییە . ئەوان حکومەتی کرێکاری بە مەرحەلە و ساتێکی گوێزرانەوەی سیستەمی چینایەتی بۆ سیستەمی بێچین نابینن . هەر بۆیە دەڵێن جمهوری دیموکراتیک هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە ، بەڵام ئەم هەنگاوە بۆچی و لە پێناوی چیدا پرۆسیس دەکرێت ؟ ئەوهەموو بەکارهێنانانە هیچ ناگەیەنن بێجگە لەیەک سیاسەت و یەک سفسەتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی توێژێکی ناو کۆمەڵ .

ئێمە کۆمۆنیستە زانستییەکان <u>شیعاری بژی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ</u> ، بە شیعاری شیاو و دەقا و دەق بە هەڵوێست و پەرەنسیپەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەزانین و

دەتوانێت پابەندو پەیوەستی و، دەربڕی گوێزانەوەی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری بێت ، بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چینی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم . یەکێک لە ئەرکە گرنگ و حەیاتیەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی چینی کرێکارە ، هەروەها پەیوەستە بە تێز و تێڕوانینەکانی ئەو بزووتنەوەیە و ئەرکێکی گرنگە لە پەیامی مێژوویی پرۆلیتاریادا، دەبێتە لایەنێکی گرنگ و حەیاتی بۆ بەدەست هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم . کەواتە دەبێت شیعاری ئێمەی کۆمۆنیستەکان بێت, لەهەر شوێنێکی دنیا بین ئاسۆ و ئامانجی ڕۆشنمان بێت لە بزووتنەوەکەماندا, ئاسۆمان دەست نیشان دەکات. چونکە سیستەمی سەرمایەداری و ئاڵوگۆڕ کردنی بە سیستەمی بێ چین ئەو ئەرکە لە ئێمە دەخوازێت کە ئەم شیعارە پراکتیک بکەین . چونکە ئاسۆی ڕۆشن و دیاری بزووتنەوەی ئێمە ، بە ئاسۆی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە دەردەکەوێت . کەواتە شیعاری ئێمەی کۆمنیستە زانستییەکان (دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ)ـە . لە پێناو گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری بە سیستەم و پەیوەندی کۆمەڵایەتی سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم .

# بەشی سێ یەم

## ئازادی

ئازادی ، لە کورتترین پێناسەدا بریتیە لە پرۆسیس کردنی ئیرادە و تواناکانی ئینسان بە شێوەیەکی سەربەستانە . کە نەبێتە هۆی فرمان و زۆرکردن لە بەرامبەر یەکتریدا .کەواتە ئینسان ئازادی لەبەر ئەوە دەوێت کە ڕزگاری بێت لە هەموو ئەو لەمپەر و سنوربەندییە تەسکانەی کە دەکرێنە ناوەڕۆکی جوڵان و بزاوتنی ئینسان ، لە پرۆسیس کردنی ئیرادەی خۆیدا . ئازادی ، خەسڵەتی پەیوەندییە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتیە چینایەتییەکان نییە ، بەڵکو ڕزگار بوونی یەکجارەکیە لە هەموو پەیوەندییە چینایەتیەکان ، ئازادی پرۆسەیەکی جیاوازترە لەو ئازادییەی کە بەمانای سیاسیانە شیبکرێتەوە و پێک هاتووی ئیرادەی کۆمەڵێک و داسەپاندنی بەسەر ئەوانی تردا . واتە ئازادی لە چوار چێوەی پەیوەندییە سیاسیەکان دەچێتە دەرەوە, لەگەڵ پەیوەندیەکی بێچین و توێژی کۆمەڵگادا ئەچەسپێت، کە ئینسان لەگەڵ کۆمەڵگاو لەناو سروشتدا ، بە ئازادانە پرۆسیسی ئیرادەی خۆی دەکات ، بۆ گەشەو پێشەوە چوونی و سوود وەرگرتن لە هەموو لایەنەکانی خۆشی و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

واتایەکی تر ڕونتر لەسەر ئازادی لە نێوان ئینسانەکاندا ، ڕزگار بونیانە لە هەموو ئەو واقعانەی کە سەرچاوەی دەسەڵاتی چینەکانی تێدایە و، مایەی چەوسانەوەی ئینسان لەلای ئینسان دەگەیەنێت. ڕزگاریان بووبێت لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینی و هەروەها هەموو ئەو هەڵاواردنانەی کە دەبنە هۆی چەوسانەوەی جنسی ئینسان لە نێوان خۆیاندا. لەناوچوون و نەمانەوەی هەموو ئەو هۆیانەی کە چەوسانەوەی تیادا دادەمەزرێت ، دەبێتە هۆیەک بۆ بەدەست هێنانی ئازادی . ئینجلس لە ئەنتی دۆهرنگ دا دەڵێت (ئازادی کۆتای نایەت لە سەربەستییەکی گوباویانە بەسەر یاساکانی سروشتەوە ، بەڵکو لە زانینی ئەو یاسایانەو وە ئەو زانینانەو توانایانەی کە پشتی پێبەستراوە بۆ هەڵگرتنی یاساکانی سروشت بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لەسەر ئەو کارەی کە لە پێناوی ئامانجێکی دیاری کراودایە)بە پێی ئەم بۆچوونە ئەو یاسایانەی دەرەوە کە لە سروشتدا هەن و هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە چوار چێوە و بە دەوری مادی و مەعنەوییەکانی ئینساندا دەسوڕێنەوە و ناتوانرێت لێکیان بکەینەوە و دەور و کاریگەریان لەسەر یەکتری ڕەچاو نەکەین . بە پێی ماتریالیزمی دیالیکتیکی ، ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی ئەندێشەی خۆمانەوە ، پەیوەندییەکانیان بە جۆری جیاواز و نەشاز ڕێنوێنی بکەین .

لەبەر ئەوەی سروشت وئینسان یەک پەیوەندی دیالێکتیکیان نییە ، بێجگە لەو توانایە نەبێت بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک لەگەڵ زانینی ئەو هەڵوێستەدا وەردەگیرێت . لەبەر ئەوە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی ئینسان. لە پەیوەندیەکی بێ چین دا بەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوداو نەبوونە هۆو سەرچاوەی دروستکردنی چەوسانەوەی ئینسان دەبێتە بەکارهێنانی ئازادی لەلایەن ئینسانەوە. هەروەها دیاریکردنی ناوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەکی تر زیاترە لە پێویستی. واتە هەندێک جار لەدەست دانە کارێک و بێ زانینی ئەوەی ئازادی لێوە دروست دەبێت ، لەوانەیە لەو کاتانەدا پێچەوانەی ئازادی تیایدا بەرهەم بێت . واتە چەندە ئازادی گرنگە ، زانین بۆ ئەو ئازادیەی گرنگترە . بەم پێیە ئازادی زانین و درک کردنی ئینسانە بە پەیوەندییەکانی خۆی و سروشت . چونکە دەبێت ئەوە بزانرێت ئەو پەیوەندییە ئازادی لێوە پێکهاتووە یان گۆڕاوە و چەوسانەوەی تێدایە. واتە بەشێک لە ئازادی ئینسان ، زانیاری داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی بەسەر سروشتی دەرەوەی خۆیدا ، بەڵام ئازادی ئەو پەیوەندییە بگۆڕێت لە دەسەڵاتدا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی یەکێک بەسەر یەکێکی تردا مانای ئازادی دەگۆڕێت بۆ چەوساندنەوە ، واتە ئازادی هیچ بەهایەکی نابێت بێجگە لە چەوساندنەوەی ئینسان بەسەر ئینساندا. بەم پێیە ئازادی بەرهەمی پێویستی گەشەی مێژووییە . چونکە هەر دۆزینەوەیەک لە دۆزینەوەکانی سەرەتای مێژوو ئینسان دەبووە هۆیەک و بەشێک لە ئازادی پێکدەهێنا. گۆڕانی ئینسان و تێپەڕاندنی لە سروشتی ئاژەڵان و گەشەیەک بەرەو ئازاد بوونی خۆی هەنگاوی هەڵگرت . چوار چێوەی سروشتی ژیاری ئاژەڵیانەی تێپەڕاند. هەروەها کاتێک کە داهێنانەکان دەکەوتە ژێر کاریگەری ئینسانەوە و ئینسانیش بە شێوەیەکی زانستیانەو بە زانیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد ، ئەو داهێنانە ناتوانێت لە پەیوەندییەکی چەوسێنەرانەدا بەکاربهێنرێت ، یان لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بەکاربهێنرێت .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرەتای ئینسان ، ئەوا دەبینین کە سروشت کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ دادەنا و ئازادیانی دەخستە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیەوە ، واتە زەوتکردنی ئازادی لەلایەن سروشتەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە هیچ هۆیەکی وانەبوو ، تا بتوانن کاریگەری دیاردەکانی سروشت لەسەر خۆیان نەهێڵن یان کەم بکەنەوە . هەرچەندە ئەو کاتانە چینەکان دروست نەبوو بوون ، بەڵام بە پێی نەزانینی خۆیان کاریگەری لەسەر دادەنان . کاتێک ئینسان زیاتر ئاشنابوو زانیاری زیادی کرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سروشتدا بە ئاستێکی کەمیش بێت ، توانیویەتی مامەڵەی دەسەڵاتڕانی خۆی بکات بەسەریدا . ئیتر لە ئێرەوە ئازادی مانای پەیدا کرد لەلای ئینسان . بەم پێیە کاتێک ئینسان یەکەمین چەکی بەرگری خۆی دروست کرد بۆ بەرگری کردن لە خۆی لە بەرامبەر سروشت و ئاژەڵی دڕندەدا. ئازادی بووە مانا و داخوازی ئینسان و سەرەتای داواکاری ئازادیانەی ئینسان بێت . چونکە لەو کاتانەدا هیچ گرنگیەک بە ئاستی ژیانی تاک نەدراوە و هیچ جیاوازییەکی چینایەتی بوونیان نەبوو . بەڵام ئەمە بووەتە هۆی درک کردنی ئینسان بە دەور و پشتی و پێویستی بەکارهێنانی دەست و مەچەکی لەگەڵ سروشتدا . پاش ئەو وەبیرهێنانەوە کورتەی کە لەسەر ئازادی هێناومەتەوە ، دەچمە سەر ئەو لێکدانەوەیەی کە لەسەر ئازادی کراوە لە شیعاری (ئازادی ، بەرابەری ،

حکومەتی کارگەری)لەلایەن ح.ک.ک.ا و ح.ک.ک.ع و هەروەها هەندێک وورده ڕێکخراوی تریش بەو شیعارەوە پەیوەستن کە لەسەر ئازادی دەڵێن ("ئازادی"یانی ڕزگار بوونی کامل لە هێز و دەسەڵاتی ئابووری ، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایە و سەرمایەداری ، یانی ڕزگار بوون لە هەرچی پەیوەندی و هەرچی دامودەزگای سەرکوت گەر و دیلی هێنەری کۆمەڵگای بۆرژوازییە . یانی ڕزگاری لە کۆت و بەندی چینایەتی ، ڕزگاری لەسەرکوت و دەزگای سەرکوت گەری دەوڵەتی بۆرژوازیی، ڕزگاری لە بێ مافی سیاسی و کۆت و بەندی فەرهەنگی ، ڕزگاری لە داوی مەزهەب و لە بیروڕاو قانوون و یاسا کۆن و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئێستا ، ڕزگاری لە ستەمی مەزهەبی میللی و جنسی ، ڕزگاری لە هەژاری و کوێرەوەری، لە نەزانی و خورافات و بە گشتی ڕزگاری لە هەموو هەلاواردن و مەینەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. منصور حیکمەت (هەمان سەرچاوە ل–13) لێرەدا ئازادی وا بەیان کراوە و بەو واتایەوە بەندە کە ئاڵوگۆڕێکیان لە سیستەمی سەرمایەدارییەوە بۆ حکومەتی کرێکاری ئەوان کردبێت . واتە بەهەر بارێک و بەهەر شێوەیەکیدا بخەیت ، مانای ئازادی بەرتەسک کراوەتەوە و خراواتە چوار چێوەی دەسەڵاتێکەوە ، هەروەها دیموکراسی دەسەڵاتێک بە ئازادی ناوزەند دەکرێت  ئەگەر ئەم دەربڕینە بە ئاشکراش نەبێت بەڵام نووسینەکە و شیکردنەوەکانی لەسەر ئازادی و دانانی لە چوارچێوەی بونیاد و دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاریدا ، هەر ئەو مانایە دەگەیەنێت کە دیموکراسی بە ئازادی بەراورد بکرێت . بێگومان ئازادی ماناو بەها کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکانی خۆی لەدەست دەدات . واتە خەسڵەتی ئازادی لە کۆمەڵگای چینایەتی و حکومەتی کرێکاریدا نییە . بەڵام لەلای کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی چینایەتی ئەتوانێت بە هەمان مانا بۆرژوازییەکانی ئازادی ، ئازادی تیادا بەیان و زادەی پەیوەندییەکان بکرێت ، ئازادی هیچ مانایەک ناگەیەنێت تەنها ئەوە نەبێت کە بەیانی ڕازاندنەوەی شیعارێکی پێچەوانەی پێدەکرێت لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە . بەم پێیە ئازادی ناخرێتە ناو بازنەی دەسەڵاتی چینەکانەوە بەڵکو ئەو بازنانە تێک دەشکێنێت لە ڕووتەختێکی فراوان و ئازادانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە بێ چین و توێژەکانی ئینساندا پرۆسیسی ئازادی دەکات . واتە هیچ جۆرێک لە دەسەڵات مانای نابێت بێجگە لەو پەیوەندییە نەبێت کە لەنێوان سروشت و مرۆڤدایە . واتە مرۆڤ کار و هەوڵەکانی لەگەڵ سروشتدا لە پێناوی داهێنان و جێبەجێ کردنی تواناکانی خۆیدایە . ناتوانرێت ئازادی بەوە بپێورێت و تەنها بە ڕزگار بوون لەدەسەڵاتی سەرمایەداری دابنرێت . بەڵکو لەگەڵیدا ڕزگار بوونە لەدەسەڵاتی پرۆلیتارتاش . واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە پێناوی ئازادیدا کار دەکات و دەیەوێت ئەو پەیوەندییە ئازادانە بۆ ئینسان بگێڕێتەوە ، هەروەها ئەو هەوڵەش بە لەناو چوونی دەسەڵاتی خۆی دەبێت, کە پرۆسیسی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکان . هەروەها ڕزگاربوون لە دام و دەزگای سیاسی و سەرکوت کەری بۆرژوازی ، ناتوانێت بەتەنها مانای ئازادی ببەخشێت . هەتا پرۆلیتاریا پرۆسیسی ئیرادەی خۆی نەکات بۆ لەناو بردنی هەموو سیستەمەکانی دەسەڵات دارێتی . کەواتە ڕزگار بوون لە بێ مافی سیاسی و کۆت  وبەندی فەرهەنگی و دینی ، ناتوانرێت بە مافی سیاسی و فەرهەنگییەوە دەست نیشانی ئازادی بکرێت ، بەڵکو ئازادی بەوە  پێکدێت کە هەموو پەیوەندییەکی سیاسی و جیاوازی کردنی

**باری فەرهەنگی ئینسانەکان لەناو ببرێت . ئازادی ، دروست کردنی هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و دەسەڵاتی نییە ، لە بارێک لە بارە جیاوازەکاندا .**

**تێڕوانینی شیعاری (ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری)، دەربڕینی ئازادی تیادا بەرجەستە نییە ، ناتوانرێت لە سۆنگەی ئەوەوە ئازادی ڕەچاو بکرێت تەنها ئەوە نەبێت کە شێوانێک لەسەر ناوەڕۆکی ئازادی و دیدێکی جیاوازی تر بۆ ئازادی بەیان دەکرێت ، لە بنەڕەتدا ناتوانرێت ئازادی بێت بێجگە لەوەی کە بەهانە هێنراوەتەوە بۆ پەیوەست بوونی ئازادی بە حکومەتی کرێکارییەکەیانەوە . بە پێی تێڕوانینە کانی ئێمە کە لەسەر ئازادی کردوومانە ، ئازادی مانا پەیدا ناکات لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی ، یان لە دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا ناتوانرێت زامن بکرێت. چونکە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیاتاریای شۆڕشگێڕ دەسەڵاتێکە پشتی بە تووند و تیژیەکی تایبەت بە خۆی بەستووە و پرۆسیسێکی دیموکراسیانەی دەسەڵاتی خۆی تێدا دەکات . دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەسەڵاتێکی گوێزەرەوەی پەیوەندییەکی بێ ئازادی کۆمەڵگا دەباتە سەر ڕێگای ئازادی و پەیوەندییەکی ئازادانە لە نێوان ئینسانەکاندا بەرجەستە و واقع دەکات . کۆمەڵگای ئازادی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ، هیچ دەسەڵاتێکی تیادا پرۆسیس ناکرێت تەنها دەسەڵاتی بە زانیارییەوەی ئینسان بەسەر سروشتدا ئەبێت . بەڵام لە نووسراوەی مەنصوری حیکمەتدا هیچ ئیشارەتێک بەوە نەکراوە, کە ئازادی ئینسان ، تەنها دەسەڵاتی ئازادانەی ئینسانە لە کۆمەڵگای بێچیندا . ناتوانرێت ئەو دەسەڵاتە بەمانای تایبەتی ووشەکە گوزارشت لە دەسەڵات بێت ، بەڵکو دەسەڵاتی لۆجیکی ئەقڵی ئینسانە بەسەر سروشتدا.**

**گومان لەوەدا نییە کە حکومەتی کرێکاری لەلای ئەوان یان سۆسیالیزمە یان ئەوانە دەسەڵاتی چینی کرێکارە ، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی چینی کرێکارە ، ئەوا سۆسیالیزم نییە . ئەگەر سۆسیالیزمیشە ئەی ئەو پاشگر و پێشگرییەی حکومەتی کرێکاری بۆ چیە ؟! ئەمانە هەر هەموویان لە پێناوی ئەوەدایە کە حکومەتی کرێکاری بەوە پیشان بدەن کە ئازادی بەشێک لە ناوەڕۆکی سیستمەکەی پێک دەهێنێت . ئەو بەکارهێنانەش تێکدەری ناوەڕۆکی ئازادییە ، چونکە ئازادی پەیوەست نییە بە چینەکانەوە . بەڵکو داخوازی و داواکاری چینێک لە چینەکانە ئەویش چینی پرۆلیتاریایە، هەوڵیشی لە پێناوی لەناوبردنی خۆی و چینی بەرامبەرییەتی . ئینجلس لە نامەیەکیدا بۆ بێبڵ دەنوسێت لە (18/ازار/1875ز)داو دەڵێت "دەوڵەت هیچ نییە بێجگە لە سیستەمێکی کاتی ، کە بەکاردەهێنرێت لە تێکۆشاندا لە شۆڕشدا لە پێناوی لەناوبردنی دوژمنەکانی بە شێوەیەکی توندوتیژ . هەروەها جیاواز و دژ بە وتەی دەوڵەتی گەلی ئازادە ، لەبەر ئەوەی پرۆلیتاریا پێویستی بە دەوڵەتە ، لەبەر ئەو نییە ، کە پێویستی پێبێت لە پێناوی ئازادی ، بەڵکو لە پێناوی سەرکوتی دوژمنەکانیەتی ، ناتوانین گفتوگۆ لەسەر ئازادی بکەین هەتا دەوڵەت هەڵئەوەشێتەوە بە مانای دەوڵەت ، وە ئێستا (مەبەست لە کاتی نووسینی نامەکەیە)ئەوە هەڵئەبژێرین لە هەموو شوێنێکدا لە جیاتی ووشەی "<u>دەوڵەت</u>" بگۆڕین بە ووشەی "مشاعە"کە بریتیە لە وشەیەکی ئەڵمانی کۆن و گونجاو و یەکسانە بە وشەی (کۆمۆنە)ی فەرەنسی . (تەئکید هی ئینجلس)ە. واتە بەم پێیە ئەوەی کە دەربڕاوە لەبارەی**

ئازادی و بەرابەری ، حکومەتی کارگەری لەلایەن نووسەرەوە شیعار و پلاتفۆرمی کرێکارانی کۆمۆنیست نییە و هەڵئینجاوی میتۆدی مارکسیزم نیە . بەڵکو بەشێکی گرنگ و پڕاو پڕی سیاسەتی دیماگۆجیانەی ریڤیژنیزمی نوێیە . واتە دەبێت ئەوە لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆمان لابدەین کە دەوڵەتی کرێکاری ، ئەتوانێت مانا و ناوەڕۆکی ئازادی پێ ببەخشرێت .هەروەها بە پێی لێکدانەوە کانی مارکس و ئینجلس بە ئەو کاتە و ئێستاشی لەسەر بێت ، دەوڵەت ناوی خوازراوی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بێت چونکە ناتوانین دەقا و دەق یان ڕاستە و ڕاست ، لەگەڵ واتای مارکسیست بوونی بحپەکانماندا بگونجێت . بەهەر حاڵ ئەوەی کە تا ئێستا لە شیکردنەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە لەسەر ناوەڕۆکی شیعارەکەیان ، نەیتوانیوە ئازادی بەیانی پەیوەندییەکی بێچین و توێژ بێت ، بەڵکو لە چوار چێوەی دەسەڵاتی چینەکانا قۆرغی کردووە و جێگای بۆ کردووەتەوە . ئازادی لەگەڵ دەوڵەت ناگونجێت . ئازادی و حکومەت ، یان ئازادی ناو حکومەت لە دەربڕینێکی بۆرژوازیانە زیاتر هیچی تری لێ بە ئاکام ناگات. هەروەها لەسەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنساشدا دەوڵەت و ئازادی پێکەوە گرێ درابوون و دەسەڵاتی خۆیان لەگەڵ ئازادیدا جووت کردبوو ، هەروەها ئەم خواست و دەربڕینانەی بۆرژوازی بێجگە لە سیاسەت و پەیڕەوکردنێکی هەڵ خەڵەتێنەرانی بۆرژوازی نەبێت هیچی تر نەبوو . بەڵام بۆ بۆرژوازی ئازادی ببووە هۆی دەست بردنی خۆیان بۆ دەسەڵات . لە ڕێگەی پێویستی و ئەنجامی کاریگەرییەکانی دەرەبەگایەتی بەسەر پرۆلیتاریا و دروست بوونیەوە ، ئەوەیان بەرهەم هانیبوو کە خۆیان تیایدا ژیان و گوزەرانیان بە ئازادی و بە ناوی ئازادی هەمووانەوە بۆخۆیان بەرجەستە بکەن و پرۆسیسی ئەو ژیانە بە قازانج و سوودەکانیان بگەڕێتەوە .

بە پێی هەموو ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە ، ئازادی ، لەگەڵ حکومەتی کارگەریدا دووبار و <u>دوو ڕۆڵی جیاوازی دوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازی ئینسانەکانە</u> . واتە ئازادی ، لەگەڵ حکومەتی کارگەریدا نابێتە پلاتفۆڕمی تەواوەتی و گونجاو لەگەڵ خواستەکانی بزوتنەوەی پرۆلیتاریادا . تەنها لەو شیعارەدا ئەوە بەیان دەکرێت کە حکومەتی ئەوان بە دەسەڵات و حکومەتی هەتا هەتای دەدرێتە قەڵەم .هەروەها ئەم دەربرینە بێجگە لە دەسەڵاتی سەرمایەی دەوڵەتی نەبێت هیچی تر نییە ، یان پێک هاتووی پەرەنسیبەکانی سەرمایەی دەوڵەتی و دەوڵەتی بۆرژوازییە . چونکە ئەو حکومەتە دەسەڵاتی راگوزەر نییە . بەڵکو دەسەڵاتی پارێزگاری دەسەڵاتی چینایەتییە . واتە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بگۆڕدرێت یان دەسەڵاتێکە دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی تری بێ چین و توێژوو بێ دەوڵەت ، لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە ، کە ئازادی ئینسانی تیایدا بەرجەستەو واقع دەبێت .

## بەشی چوارەم

## یەکسانی

یەکسانی ، واتای ئیرادەی یەکسانی ئینسانەکانە بەسەر هەموو سەرچاوەی ماددی و مەعنەویە بەدەست هاتووەکانی ئینساندا .مانای بەهرەمەند بوونی یەکسانی ئینسانە لە داهێنانەکان و بەرهەم هاتووەکان . بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن هەمووانەوە . خاوەن داریبوونی هەموانە و خاوەن نەبوونی هیچ کەلوپەلێکی تایبەتە بە تاکی کۆمەڵ . واتە هەمووان خاوەنی هەموو شتێکن و هیچ شتێکی تایبەتیان نییە . یەکسانی واتای فراوانتری هەیە لەو یەکسانییەی کە بۆرژوازی دەری دەبڕێت . چونکە یەکسانی پەیوەندییەکی جیاوازی هەیە لە هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە دەسەڵات دارێتی چینێک بەسەر بەرهەم هاتووەکاندا هەیەتی . بەم پێیە دەسەڵاتی دیموکراسیانەی چینەکاندا بەرهەم نایەت. بەڵکو تێپەڕاندنی هەموو ئەو جۆرە دەسەڵاتانەیە بە دەسەڵاتی پرۆلیتاریاشەوە بۆ بێ دەسەڵات بوونی ئینسان بەسەر ئینسانەکاندا . یەکسانی لە نەمانی جیاوازی چینایەتی چەوسانەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

یەکسانی بانگەواز و داخوازییەکی ڕووکەشیانە نییە . هەروەها لە دەوڵەتەکانیشدا جێ بە جێ نابێت ، واتە خەسڵەتی پەیوەندییە سیاسیەکان نییە و ، یەک هەلومەرجی پێکەوەیی جیاوازە لە هەموو ئەم پەیوەندییە سیاسیانە .

یەکسانی لە دوو ڕووەوە جێ بە جێ دەبێت و دەتوانێت پرۆسیسی تەواوەتی یەکسانی بێت ، واتە دوو ڕووی تەواو کەری یەکتری و بێ یەکتری نابێت ، یەکسانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری جێبەجێ دەبێت . بەم پێیە هەموو ئینسانەکان لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبێت وەک و یەک ویەک مافیان هەبێت لە بەکارهێنانی بەرهەم هاتووەکان و بەرهەم هێناندا. دەست ڕاگەیشتنی ئینسانە بەسەر بەرهەم هاتووەکان و نابێت لە پێناوی تاکدا بەکاربهێنرێت ، بەڵکو دەبێت تاک وەکو کۆمەڵ بەهرەمەند بێت بێ ئەوەی تاک خواست و بەرژەوەندییەکانی بچێتە خانەی خۆپەرستی و تێکدان و دەرچوون لە یەکسانی بوونی هەمووان . یەکسانی بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە ئازادی و یەکسانی ئینسان لەناو ببات . داواکاری پرۆلیتاریا لەبارەی یەکسانییەوە ، یەکسانی مەدەنی نییە . بەڵکو یەکسانی کۆمەڵایەتی وئابووریە و ، لە مێژووی لەمەو پێشەوە جێگیر و داخوازیان کردووە . هەروەها پرۆلیتاریای کۆمۆنیست یەکسانی بەند کردووە بە نەمان و بنبڕکردنی چینەکانەوە .واتە هەموو ئەو داخوازی و دەربڕینانەی تر کە لەلایەن بۆرژوازی و وردە بۆرژوازییەوە دەردەبڕدرێ. هەمووی لە دژی خواست و ئاواتی مێژوویی ئینسان و هەڵەکانی پرۆلیتاریادا خۆی دەبینێتەوە ، دەچێتە خانەی

هەلومەرجی چەوسێنەرانەی سەرمایەدارانەوە. بۆیە کۆمۆنیستەکان و پرۆلیتاریا دەڵێن ، نەمانی جیاوازی چینایەتی زامنی یەکسانییە . چونکە جیاوازی چینایەتی دەردەکەوێت لەگەڵ جیاوازی دابەش کردن و بەکاربردنی بەرهەم هاتووەکان لەلایەن چینەکانەوە . هەروەها کۆمەڵگا بۆ دوو بەشی جیاواز و نا یەکسان لە ڕووی بەهەند گرتن و چەوسانەوەوە دروست دەبێت . چونکە هەموو ئەو هۆکارو هێزی بەرهەم هێنەرانەیەی کە پرۆسەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دروست دەکات ، دەکەوێتە دژایەتییەوە لەگەڵ بەرهەم هێنان و دابەش کردندا . بەڵام لە ئەنجامی گەشەی ئەو پەیوەندییەدا ، ڕووی ئەو پەیوەندییەی بەرهەم هێنان و هێزی بەرهەم هێنەرە ، دەبێتە هۆی ژێرە و ژوورکردنی پرۆسەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریانە و دابەش کردن و لەگەڵیشیدا هەموو جیاوازی یە چینایەتیەکان هەڵئەوەشێنێتەوە . واتە یەکسانی لە پەیوەندی نێوان ئینسانەکاندا بۆ پرۆسەی دابەش کردن و بەرهەم هێنان چوار چێوەی بۆ دادەڕێژێت .

شیعاری(ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری)لێکدانەوەی بۆ بەرابەری بەم شێوەیە بەیان دەکات مەنصوری حیکمەت دەڵێت ("بەرابەری"تەنیا بە مانای بەرابەری حقوقی و قانوونی ، یان بەرابەری دانیشتوانی کۆمەڵگایەک لەهەر میللەت و نژاد و جنسێک نییە . بەڵکو بەمانای بەرابەر بوونە لە ئیمکاناتی ماددیدا . لەدەس ڕاگەیشتن بەو ئامرازانەدا کە دەبنە هۆی گەشەو سەرهەڵدانی توانا و لێ هاتووی فەردی و کۆمەڵایەتی . بە مانای بەرابەرییە لە بەرهەم هێنان و بەری چووندا ، بەرابەرییە لە دیاری کردنی چارەنوسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیاندا ، بە مانای بەرابەرییە لە بەهرەمەند بوون لە بەرهەمە ماددی و مەعنەویەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا . لە خەبات بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر چەشنە دواکەوتووی و کەم وکوورییەکدا. بە مانای بەرابەرییەکە کە تەنیا ئەو کاتە وەدی دێ واتە مالکیەتی خسوسی بۆرژوایی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەدا تێک بڕوخێ و کۆیلەیەتی کرێ گرتە نەمێنێ و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بخرێتە مالکیەتی جمعی و هاوبەشی هەموو ئەو ئینسانانە کە لە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن. منصوری حیکمەت ل13 (هەمان سەرچاوە) ئەم پێناسەیەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنصوری حیکمەت ، پێناسەیەکی دوو سەرەو لێک جودایە لە پێناسە و تێڕوانینەکانی مارکسیزم ، چونکە یەکسان بوونی ئینسان یەکسان بوونیانە لە هەموو ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە . واتە ئەگەر ئینسانەکان لە ڕووی جنسی و نەتەوایەتی و نەژادیەوە نا یەکسان بوون ئەم لایەنانەی ناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی نایەکسانی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، نا یەکسانییە لە دەست گەشتن بە توانا ماددیەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنان و ، هەروەها لەناو بردنی توانای تاکە لە پێناو کۆمەڵداو ، تاک لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەدا تاکێکی چەوساوە دەبێت.

دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی ناتوانێت چارەنووسی سیاسی یەکسان بێت واتە پەیوەندییە سیاسیەکانی یەکسانییان تیادانییە. لەبەرئەوەی پەیوەندی سیاسی کۆمەڵگا

پەیوەندییەکی جیاوازی چینایەتی پێکی دەهینێت و کۆمەڵگا سەرخان و ژێرخانی خۆی دەبێت. هەروەها پرۆسەی بەرهەم هێنان لە پەیوەندییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووریدا ، یەکسانی هەمە لایەنە بۆ ئینسانەکان دابین ناکات و پەیوەندییە ئابووریەکان بە پێی بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا و بەکار بەری بەرهەم هاتووەکان ، جیاوازیان بۆ دروست دەکات . کاتێک هێزی کار لە بەرامبەر کرێیەکی کەمدا ئەفرۆشرێت . ئەوا دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت یەکسانی بەرجەستە بکات لەکۆمەڵگەدا. یەکسانی کاتێک بە ئەنجام دەگات ، کە هەموو پەیوەندییە سیاسیەکان و چارەنووسی سیاسی چینەکان لە ناوچوو بێت . دەسەڵاتە سیاسیەکان دەسەڵاتێکی دیموکراسی دەبێت بۆ ئەو چینی باڵا دەستەی کە ڕێڕەوی سیاسی کۆمەڵگای بەدەستەوەیە. شیعاری (ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کارگەری) بەرابەری لە حکومەتی کارگەریدا قۆرغ دەکات و پەیوەستی دەکات بەو پەیوەندییەوە . بێگومان بەرابەری بە هیچ جۆرێک لە حکومەتی کارگەریدا پرۆسیس ناکرێت و لە خانەی دەسەڵاتی چینەکاندا جێگای نابێتەوە. تەنها ئەو بەکارهێنانە دەتوانن ئەو پەیوەندییە شاز و لێک نەچووە ، بخەنە ناو یەک پەیوەندییەوە ، کە دەربڕینەکەو ناوەڕۆکی حکومەتەکەیان جیاوازی بنەڕەتی پیشان دەدەن . دەسەڵاتی چینەکان ناتوانێت دەسەڵاتی یەکسانی چینەکان بێت . ئەگەر یەکسانن ئەی ناوی دەسەڵاتی چینێک بۆ بەکار دەهێنرێت ؟! هەروەها کاتێک کە دەسەڵاتی چینێکەو حکومەتی ئەو چینەیە ، یەکسانی لە کام پەیوەندی و لەچ شوێنێکی ئەو دەسەڵاتەدا هەیە ؟! ئەگەر دەسەڵاتی چینێک یەکسانی خۆی ڕابگەیەنێت لەگەڵ چینی بەرامبەر و دژ بەیەک ، ئیتر دەسەڵاتی کام چینە ؟! پێوستە ئەو شیعارە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە ئەگەر وەڵام بەوەیە کە حکومەتی کرێکاری سۆسیالیزمەو یەکسانی تێدایە ، ئەمەیان هەڵەیەکی گەورەیە و نقووم بونیەتی لە سیاسەت و مەنهەجێکی بۆرژوازیدا. ناچیزە بە میتۆدی مارکسیزم لەبارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتی ئەو چینە . لە بەشەکانی پێشوودا ڕوون کردنەوەی زیاترم لەسەر داوە لێرەدا ناگەڕێمەوە سەریان .ئەو بەڵگە هێنانەوەیەی کە بۆ خەبات و تێکۆشانەکان دەکرێت هیچی بەوە ناگات کە لە بنەڕەتی ئەو خەباتە تێ بگەین و ئاستی خەباتەکە پەیوەست بکەین بە کات و شوێنی خۆیەوە . واتە من ناڵێم خەبات هەڵئەگیرێ و لەکاتی خۆیدا بەکاردەهێنرێت . بەڵکو پرۆسەی بەرهەم هێنانی بۆرژوازی و دروست بوونی سیستەمەکەی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران هاوتای دروست بوون و چەوسانەوەی نیزامی سەرمایەدارییە . بەڵام ئەرکێک کە دەکەوێتە سەر شانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و خەباتی پرۆلیتاریا لەناو ئەو پەیوەندییەدا، بەکارهێنانی توند و تیژی شۆڕش گێرانەیە بۆ بنبڕکردنی تەواوەتی سەر بزێوی و هەوڵی سەرمایەداران لە بەرامبەر دەسەڵاتی ڕاگوزەری پرۆلیتاریادا و تێک و پێکدانی ئەو دەسەڵاتەیان و ڕێگری کردنییان لەبەردەم لەناوچوونی چینەکان .کەواتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا شەقاوێکی زیاترە بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی لە ڕێگەی نەمانی چینەکانەوە . کۆمەڵگای بێ چین کۆمەڵگای بەهرەمەند بوونی ئینسانە لە هەموو خێر و خۆشیەکانی بەرهەمهێنان و سروشت و ژیان .

کاتیک کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕ دەکات و پەیوەندییەکی بێچین دروست دەبێت هەموو جۆرەکانی خەبات و تێکۆشان واتای خۆی لە دەست دەدات بێجگە لە هەوڵەکانی ئینسان لەگەڵ سروشتدا نەبێت . ئەویش بۆ ئەوە نا کە دەسەڵاتی کۆمەڵێک بەسەر کۆمەڵێکی تردا بەرجەسەتە و واقع بێت. ئاڵوگۆڕی کاڵایی نابێتە خەسڵەتێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان . چونکە ئاڵوگۆڕ بەشێک دەبێت لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتن و، هەروەها کڕین وفرۆشتنی هێزی کار پێ ئەنجام ئەدرێت. واتە هێزی کار پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان دەچێتە دەرەوە و دەبێتە هێزێک و بزاوتنی لە پێناو خێر و خۆشی ئینساندایە، نەوەکو لە پێناوی زێدەبایی و چەوسانەوەی چینێکدا بێت . هەر لەبەرئەوەیە ئاڵوگۆڕ خەسڵەتێکی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و بەرهەم هاتووەکانە ، واتە پەیوەندی ئاڵوگۆڕ پەیوەندییەکی کاڵایی دەدات بە بەرهەم هاتووەکان و بازاڕیش لە پێناوی ئاڵوگۆڕدا دروست بووە و دەبێت . لەبەرئەوە ئاڵوگۆڕ خەسڵەتێکی پێشووتری بازاڕەکانە . کەواتە لە سیستەمی بێ چیندا ئاڵوگۆڕ پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئینسان و ئینسان دەست نیشان وبەرهەم هێنان دەستنیشان ناکات . چونکە ئاڵوگۆڕ وەک خەسڵەتی پەیوەندی چینایەتی چینەکان هەڵئەوەشێتەوە . کەواتە لەو کاتانەدا پەیوەندییەکان پەیوەندی بەرهەم هێنان و دابەش کردنە . دابەش کردنێک کە هەر کەس بە پێی پێویستی خۆی و هەر کەس بە پێی توانای کار دەکات . واتە کار نابێتە هێزێک و لە بەرامبەر برێک کاڵادا دابنرێت و ئاڵوگۆڕی پێبکرێت . ئەو سنووردار کردنەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەخرێتە چوار چێوەی حکومەتی کرێکاریەوەو دەڵێن (ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بخرێتە مالکیەتی جەمعی و هاوبەشی هەموو ئەو ئینسانانە کە لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن. مەنصوری حیکمەت (هەمان سەرچاوە ،ل13) ئەم سنوردار کردنە ناتوانێت بە تەواوی بەیانی یەکسانی بکات . لەبەر ئەوەی یەکسانی لە نێوان ئینسانەکاندا سنووری پەیوەندییە ئابووری چینایەتیەکانی دەشکێنێت و هەر کەس بە پێی پێویستی خۆی بەرهەم هاتووەکان بەکار ئەبات بەڵام لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا کە دیموکراسی پرۆلیتاریایە، چینی کرێکار هەموو هۆیەکانی بەرهەم هێنانی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، چونکە هەڵسوڕێنەری گشتی کۆمەڵگا ئەو دەبێت . لەبەر ئەوە بەرهەم و دابەش بوونەکان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا, بە پێی کارەکەی دابەش دەکات ، یان ئەوەی کار نەکات ناخوات . چونکە بۆرژوازی و سەرمایەداران ڕامی ئیش کردن و بەرهەم هێنان نە بوون. هەروەها بۆ داسەپاندنی ئیش کردنە بەسەر سەرمایەداران و بۆرژوازیدا . لەبەرئەوەی ناکرێت ئەوان کار نەکەر و تەوەزەل و بار بن بەسەر کۆمەڵگاوە . بەڵام کاتێک کار دەبێتە ئیستاتیکا و ئەخلاقی پەیوەندییە ئینسانیەکان و پەیوەندی ئینسان و سروشت . لەوێدا چینەکان نامێنن, تا بەرهەم هێنان و دابەش بوون و بەکاربردنی هێزی کاری کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی کەم بێت . واتە ئازادی و یەکسانی ڕەها لە پەیوەندییەکی بێچیندا دروست دەبێت . کە کار لە لای ئینسان دەبێت بە ئەخلاقی کۆمەڵ و پەیوەندی بە سروشتەوە دەکات . ئیتر کۆمەڵگا بەیانی خۆی بەوە دەکات لە "هەر کەس بە پێی پێویست"دەبێتە ئەخلاقی کۆمەڵ . لێرەوە دەردەکەوێت ئەو پەرەگرافەی سەرەوە کە هێناوەمەتەوە هی کۆمۆنیزمی کرێکارییە, یەکسانی تەنها لە حکومەتی کرێکاریدا

دەبینێتەوە . نەوەکو لە کۆمەڵگایەکی بێ چیندا . واتە هەموو ئەو بەکارهێنانانەی کە بۆ ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کرێکاری دەکرێت . هەر هەمووی لە پێناوی ئەوەدا دەبێت کە بەهای ئازادی و یەکسانی لە حکومەتی کرێکاریدا جێگای بۆ بکرێتەوە . بێ گومان هەموو ئەو لێکدانەوانە ووردەبۆرژوازی لەپێناوی پارێزگاری لە دەسەڵاتی چینایەتی بۆرژوازیدایە . بەڵام یەکسانی خەسڵەتی پەیوەندییە ئینسانیەکانی سیستەمی بێ چینی کۆمەڵگایە . هەروەها سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی ، ئازادی و یەکسانییە بۆ ئینسان . نەوەکو چوار چێوەی دەسەڵاتی سەرمایەداران و دواکەوتووانی بەناو حکومەتی کرێکاری وورده بۆرژوازی.

ناوەڕاستی مانگی تەمموزی 1٩٩٩